

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5965) چوارشەمە 1ی تەمموز 2020 «12» لاپەڕە «500» دینار

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی:

خەڵکانێک هەن لە مەیدانی سیاسیی عێراقدا کە بڕوایان بە دەستوور و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان نییە

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئارام باڵەتەیی دەڵێت، لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی عێراق چەندین قەرزی دەرەکی وەرگرتووە و ئەو قەرزانەیش لە پەسەندکردنی بوودجەدا بە سیادی هەژمارکراون و لە هەرێمی کوردستانیش بڕدراون، بەڵام هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک سوودمەند نەبووە لەو قەرزانە و هیچ بڕە پارەیەک لەو قەرزانە نەگەیشتووەتە دەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان. باڵەتەیی ڕاشیگەیاند کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەموو دۆسیەی نەوت ڕادەستی حکوومەتی فیدراڵ بکات و لەبەرامبەردا حکوومەتی فیدراڵ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕەوانە بکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

3 قەیس خەزعەلی بۆ مستەفا کازمی: حەجمی خۆت و حکوومەتەکەت بزانە و خۆت لە مەسەلەی مەقاوەمە مەدە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی دانووستاندکار لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی کۆدەبێتەوە

مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆ بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە مافە ڕەواکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت

هەرێمی کوردستان داکۆکی و پێداگیریی لە مافە ڕەواکانی لە چوارچێوەی دەستووری عێراق دەکات و هەرگیز سازشیان لە سەر ناکات



دوێنێ سێشەممە 2020/6/30 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە لەگەڵ شاندی دانووستانکار لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، تیشکی خستە سەر سەردانی هەفتەی ڕابردووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و ئەنجامی گفتوگۆکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکان بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە مافە ڕەواکانی هەرێمی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت. گوتیشی هەرێمی کوردستان داکۆکی و پێداگیریی لە مافە ڕەواکانی لە چوارچێوەی دەستووری عێراق دەکات و هەرگیز سازشیان لە سەر ناکات.

فرسەت ئەحمەد: بڕیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان لە ڕۆژنامەی وەقائیع بڵاونابێتەوە

فرسەت ئەحمەد، وەزیری دادی هەرێمی کوردستان وەڵامی بڕیاری ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەداتەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەڵگرتنی پارێزبەندیی لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر و دەڵێت، بڕیارەکە پێچەوانەی ڕێسای گشتی پلەبەندی یاسایی دەرچووە" و لە ڕۆژنامەی وەقائیع بڵاونابێتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ماکرۆن: تورکیا تووندڕەوە ئیسلامییەکان دەگوازێتەوە بۆ لیبیا

سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێڵ ماکرۆن، هێرشێکی نوێی بە زمانی زبر کردە سەر ئەنقەرە، بە هۆی سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر لیبیا. دوێنێ سێشەممە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا، کە لە شاری مسیرگی ئەڵمانیا لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەو وڵاتە ئەنگێلا میرکڵ ئەنجامیدا، ماکرۆن گوتی: تورکیا بەرپرسیارێتی تاوانکاری و میژوویی لە ململانێکانی لیبیا دەکەوێتە ئەستۆ. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

قەدەغەی هاتووچۆ لە شاری هەولێر جێبەجێکرا





(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

جووتیاران لە فرۆشتنی بەرووبوومی شووتی نارازین



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە پارێزگاری نوێی دهۆک دەکات

دوێنێ سێشەممە 2020/6/30مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ، پیرۆزبایی لە د.عەلی تەتەر پارێزگاری نوێی دهۆک کرد.
سەرۆکی حکوومەت هیوای خواست پارێزگار لە ئەرکی تازە و خزمەتکردنی هاوواڵتیانی پارێزگای دهۆکدا سەرکەوتووبێت و بە هاوکاریی گشت دامودەزگاکانی پارێزگا خزمەتێکی زیاتر و شایستەی پارێزگاکە بکەن.

گەورە تیرۆریستێکی داعش لە باشووری رۆژئاوای کەرکوک دەستگیرکرا

ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند کە یاریدەدەری بەناو بەرپرسی دیوانی حوسبە سەربە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە باشووری رۆژئاوای پارێزگای کەرکووک باکووری عێراق دەستگیرکراوە. لە راگەیەندراوێکدا ئاژانسی هەواڵگریی بڵاوی کردەوە کە لە میانی چاڵاکییەکانی هەواڵگریی و بەدواداچوون بۆ دەستگیرکردنی تیرۆریستانی داعش، هێزەکانی ئاژانسی هەواڵگریی لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ماددەی چوار لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، یاریدەدەری بەناو بەرپرسی دیوانی حوسبەیان لە شارۆچکەی عەباسی سەربە قەزای حەویجە باشووری رۆژئاوای کەرکووک ناسراو بە "ئەبو ماریا" دەستگیرکردووە. بەپێی راگەیەندراوەکە، دەستگیرکراوەکە دانی بەوە داناوە کە ژمارەیەک هاوواڵتیی بێ تاوانی ئەشکەنجەداوە تا بەیعەت بە داعش بدەن. لە کۆتایی راگەیەندراوەکە ئاماژە بەوە دراوە کە تیرۆریستە دەستگیرکراوەکە دوای وەرگرتنی گوتەکانی، بە مەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵیدا ڕەوانەی لایەنی دادوەریی کراوە.

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی 27 ساڵەی راگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان

دوێنێ سێشەممە 2020-6-30مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی 27ساڵەی راگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان، پەیامێمی پیرۆزبایی ئاراستەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ئەو حزبە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان...

بەبۆنەی 27ـەمین ساڵیادی راگەیاندنی حزبە تێکۆشەرەکەتان حزبی شیوعی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کادیر و ئەندام و لایەنگرانی حزبەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین هەمیشە لە پێشکەوتن و سەرکەوتندا بن لە پێناو بەدیهێنانی گشت مافە نیشتیمانی و نەتەوەیی و دیموکراسییەکانداو بونیاتنانی دواڕۆژێکی ئاسوودە و بەختەوەر بۆ گەلەکەمان.

بەو بۆنەیەوە دووبارە جەخت دەکەینەوە سەر هاوپەیمانیی و دۆستایەتی بەهێزی نێوانمان و سوور بوون لە سەر پتەوکردنی بنەما راست و دروستەکانی خەبات و تێکۆشانی مەدەنیانە و دیموکراسییانە و بەدیهاتنی ئامانجە هاوبەشەکان.

ماوەی 50ساڵ حوکمڕانییەکی میژوویی پڕ لە سەرکەوتن بۆ "CDU"و کۆمەڵگەی ئەڵمانیای فیدراڵ تۆمار بکات و لە میژووی حوکمڕانی 5لە گەورە ڕاوێژکارانی ئەڵمانیادا خزمەتێکی مەزن بە بنیادنان، هەڵسانەوە و ڕێبەرایەتیکردنی لەسەر ئاستی سیاسەتی نێوخۆیی و ئەورووپی و نێودەوڵەتی کۆماری ئەڵمانیا بکات و بە هەمان شێوەش لە بواری سیاسی، دیپلۆماسی، ئاشتی و هاوکاری نێودەوڵەتی ناوبانگێکی جیهانی بۆ ئەڵمانیای فیدراڵ و شانازییەکی گەورەش بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی پارتی "CDU"تۆمار بکات بەتایبەتی لە سەر ئەو پرەنسیپانەی کە پارتی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانیای فیدراڵ لەسەری بنیاد نراوە جێ پەنجەی دیارە لەسەر پرسەکانی ئاشتی جیهانی و ئازادی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ و هێنانەدی ئاساییش و سەقامگیری و دژایەتیکردنی شەڕ و تیرۆر و توندوتیژی و ڕۆڵی سەرکردایەتی پارتە تێکۆشەرەکەتان لە نەهێشتنی شەڕی ساردی نێوان ئاواتەخوازین ئەو دەرفەتە هەوێنی زیاتری یەکڕیزیی و تەبایی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیی بێ بۆ ڕەتدانی ئەو قۆناغە نالەبارەی هاتۆتە ئاراوە، بەتایبەتی لە ڕووی پەتای کۆرۆناوە کە هەرێمی کوردستان و جیهانی گرتۆتەوە، ئومێدەوارین هاووڵاتیان و کۆمەڵگەکەمان و هەرێمی کوردستان هەمیشە پارێزراو بن.
هەر سەرکەوتوو بن...

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
30/6/2020

پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی 75ەمین ساڵەی دامەزراندن لە پارتی کریستیان دیموکراتی فەرمانڕەوای ئەڵمانیای فیدراڵ دەکات

بڕیارەکە پێچەوانەی ڕێسای گشتی پلەبەندی یاسایی دەرچووە

فرسەت ئەحمەد: بڕیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان لە رۆژنامەی وەقائیع بڵاونابێتەوە




فرسەت ئەحمەد، وەزیری دادی هەرێمی کوردستان وەڵامی بڕیاری ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەداتەوە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەڵگرتنی پارێزبەندیی لەسەر پەرلەمانتار سۆران عومەر و دەڵێت، بڕیارەکە پێچەوانەی ڕێسای گشتی پلەبەندی یاسایی دەرچووە" و لە رۆژنامەی وەقائیع بڵاونابێتەوە.

بەپێی نووسراوێک کە رۆژی 29-06-2020دەرچووە و واژۆی فرسەت ئەحمەد، وەزیری دادی هەرێمی کوردستانی لەسەرە و ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کراوە.
وەڵامی نووسراوێکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی داوەتەوە.
لە نووسراوەکەدا سەبارەت بە بڕیارەکەی سەرۆکی پەرلەمان هاتووە، "بڕیاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ژمارە 37 کە لە 14-06-2020 ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە و وێنەیەکی دراوەتە وەزارەتی داد بۆ بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)، بەداخەوە کە بە بەرێزتانی ڕادەگەیێنین کە داوای لێبووردن دەکەین و ناتوانین بڕیارەکە لە رۆژنامەی فەرمی بڵاوبکەینەوە".
لە بەشێکی دیکەی نووسراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو بڕیارەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان "پێچەوانەی ڕێسای گشتی پلەبەندی یاسایی (سلم التدرج القانونی) دەرچووە" و هەروەها "رای جەنابتان" نەبوونی سەرچاوەی تانەلێدان لە یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی یان سەرۆکی پەرلەمان ناکاتە جێگرەوەی و دەسەڵات و تایبەتمەندی چاودێری لەسەر یاسا دەرچوو لە پەرلەمانی پێنادات، بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنێتی و شێوازی تەشریعکردنی هەر یاسایەک یان بڕیارێک.
لە بەشێکی دیکەی نووسراوەکەدا وەزیری داد دەڵێت، لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوە ئەو بڕیارەی داوای بڵاوکردنەوەی کراوە بەپێ یاسا بە بڕیارێکی نەبوو دادەنرێت و بەپێی یاسای بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت و بڵاوکردنەوەی بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوانەی باسکران دەبێتە مایەی ڕەخنە و پێشینەیەکی ترسناک لەسەر پەرلەمان و سەرۆکایەتی و سیستەمی سیاسی هەرێم. هەروەها لەسەر وەزارەتی داد بەسەرپێچی لە ڕێسای گشتی و حکومەکانی یاسا تۆمارەدەکرێت".

سەبارەت بەتۆپبارانکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێران و تورکیا

سێ لێژنەی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا



سەبارەت بە تۆپبارانکردنی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوو ولاتی دراوسێ (ئێران و تورکیا)، و هەڵوێستی لێژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم بابەتە، پێشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2020-6-30 کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەلایەن لێژنەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی سەرۆک و جێگر و بڕیاردەر و ئەندامانی هەرسێ لێژنەکە بەڕێوەچوو.
لە کۆبوونەوەکەدا، هەریەک لە سەرۆک و ئەندامانی لێژنەکان ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر هێرشەکانی تورکیا و ئێران خستەڕوو، و بڕیاریاندا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەو هێرشانە و زەرەر و زیانەکانیی، سێ لیژنەی هاوبەش بۆ پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێت و بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک بکەن، هەر لە کۆبوونەوەکەدا نەخشە ڕێگا و کاتی سەردانی لێژنەکان بۆ ئەو شوێنانە تاوتوێکرا. دوابەدوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی خستەڕوو.



فەرماندەی یەکێک لە فەوجەکانی حەشدیش بریندار بووە

عێراق.. تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو کۆژرانی چوار چەکداری حەشدی شەعبی لێکەوتەوە

لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە پارێزگای سەلاحەددین باکووری عێراق، چوار چەکداری حەشدی شەعبی کۆژران. حەشدی شەعبی لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دەوریەکیان لە ناوچەی سوکەریە لە پارێزگای سەلاحەددین لە ڕێگەی بۆمبێکی چێنراو ڕووبەڕووی هێرشێکی تیرۆریستیی بووەتەوە.
بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، لە ئاکامی تەقینەوەکەدا چوار چەکداری حەشد کۆژراون و فەرماندەی یەکێک لە فەوجەکانی حەشد بەناوی شێخ شەعلان عوەیید بریندار بووە. تا ئێستا هیچ ڕاگەیەنراوێک لەبارەی ئەو لایەنەی لەو کردە تێوەگلاوە، بڵاونەکردووەتەوە.

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی:

خەڵکانێک هەن لە مەیدانی سیاسیی عێراقدا کە بڕوایان بە دەستوور و مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان نییە

زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان و لایەنە دەرەکییەکان فشار لەسەر کازمی دروست دەکەن

هیچ بڕە پارەیەک لەو قەرزانەی عێراق وەریگرتوون نەگەیشتووەتە دەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئارام بالّەتەیی دەڵێت، لە چەند ساڵی رابردوودا حکوومەتی عێراق چەندین قەرزی دەرەکی وەرگرتووە و ئەو قەرزانەیش لە پەسەندکردنی بوودجەدا بە سیادی هەژمارکراون و لە هەرێمی کوردستانیش بڕدراون، بەڵام هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک سوودمەند نەبووە لەو قەرزانە و هیچ بڕە پارەیەک لەو قەرزانە نەگەیشتووەتە دەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بالّەتەیی راشیگەیاند کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە هەموو دۆسیەی نەوت رادەستی حکوومەتی فیدراڵ بکات و لەبەرامبەردا حکوومەتی فیدراڵ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕەوانە بکات.



ئارام بالّەتەیی لەبارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە گوتی: پەسەندکردنی ئەم یاسایە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانیش دایە، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا حکوومەتی عێراق چەندین قەرزی دەرەکی وەرگرتووە و ئەو قەرزانەیش لە پەسەندکردنی بوودجەدا بە سیادی هەژمارکراون و لە هەرێمی کوردستانیش بڕدراون، بەڵام هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک سوودمەند نەبووە لەو قەرزانە و هیچ بڕە پارەیەک لەو قەرزانە نەگەیشتووەتە دەست حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئارام بالّەتەیی لەبارەی بژاردەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم گوتی: ناتوانین باسی ژمارەکان بکەین چونکە هێشتا ژمارەیەکی دیاریکراو دەستنیشان نەکراوە، یەکێک لە بژاردەکان ئەوەیە کە ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو داهاتی مەرزەکان و داهاتی ناوخۆ و داهاتی نەوت هەمووی بداتە دەست بەغدا لە بەرامبەردا بەغدا چەند پارە بۆ هەرێم ڕەوانە دەکات، بژاردەیەکی تریش ئەوەیە کە ئەگەر حکوومەتی هەرێم نیوەی ئەم داهاتانە لەگەڵ 250هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بداتە دەست بەغدا لە بەرامبەردا بەغدا چەند پارە بۆ هەرێم ڕەوانە دەکات. لەئێستادا ئەم هەردوو بژاردەیە هەن و هەردوو لا لەسەر دیاریکردنی گوژمەیەکی پارە ڕێکنەکەوتوون، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە 895 ملیار دینار هەیە تەنها بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی جگە لە چەندین خەرجی تر. لەهەر حاڵەتێکدا حکوومەتی ناوەندی عێراق ئامادەیی خۆی دەرنەبڕیوە بۆ پێدانی ئەم بڕە پارەیە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئارام بالّەتەیی لە بارەی بەربەستەکان بۆ ڕێکنەکەوتنی هەرێم و بەغدا گوتی: ڕەنگە بەربەستی سیاسیی یەکێک لە هۆکارەکانی ڕێکنەکەوتن بێت چونکە زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان و لایەنە دەرەکییەکان فشار لەسەر سەرۆکوەزیران دروست دەکەن و هەندێک کات بابەتی تەکنیکی دەبنە بەربەست. لە لایەکی تریشەوە ئێستا عێراق خۆی لە قەیران دایە و زۆر زەحمەتە بۆ حکوومەتی عێراق لە ئێستادا پارەی پێویست بۆ خەرجییەکانی عێراق دابین بکات

بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ لە هەولێر جێبەجێکرا



بەگوێرەی بڕیارەکانی ژووری ئۆپەراسیۆن قەدەغەی هاتووچۆ لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە کاتژمێر 6ی بەیانی دوێنێ سێ شەممە 2020.6.30، تاوەکو کاتژمێر 12ی شەوی 2020.7.4، کەوتە واری جێ بەجێ کردنەوە.

دوا بە دوای کۆبوونەوەی ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و لێژنەی زانستی پزیشکی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانی کۆرۆنا و بەڕێوەبەرایەتی خۆپارێزی لە هەولێر، ئاگادار کرانەوە کە دۆخی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەیەکی فراوان و مەترسیدار لەناو هاوڵاتیاندا بڵاو دەبێتەوە و لە ئەگەری بەردەوام بوونی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بەمجۆرەی کە ئێستا هەیە ئەوا شاری هەولێر بەرە و کارەسات دەڕوات، بۆیە ڕۆژی 2020.6.28 ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر، بۆ وەڵام دانەوەی لایەنی تەندروستی پەیوەندیدار کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و کۆبوونەوە گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:-

یەکەم/ ئەم بڕیارانە لە کاتژمێر 6ی بەیانی ڕۆژی سێشەممە 30 ی 2020.6 تاوەکو کاتژمێر 12ی شەوی 2020.7.4 دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

دووەم/ لە کاتژمێر (6)ی بەیانی، تاوەکو (12)ی شەو، هەموو جۆرە هاتوچۆیەک لە تەواوی سنوری پارێزگای هەولێر بە سەرجەم قەزا و ناحییەکانیەوە قەدەغەیە، جگە لەتیمە تەندروستییەکان، هێزە ئەمنییەکان، ناوخۆ، ئەمبولانس، دیپلۆماتکاران، ڕێکخراوی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمپانیاکانی سوتەمەنی نەوت و غاز، هێزە ئەمنییەکان، ئەوانەی لەئەرکی فەرمیدان، فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی بەرگری شارستانی، ئاو، کارەبا، شارەوانی باخچە و پارکەکان، کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی شار.

سێیەم/ ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەک کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان و پێویستییەکانیان، ڕێگەی داوە بەو شوێن و ئۆتۆمبێلانە لە ڕۆژانی قەدەغەی هاتووچۆ کار و ئەرکەکانییان بەجێ بگەێنن و کراوەبن:-

- سەمۆنخانە و نانەواخانەکان.
- مارکێتی گەورەکەکان.
- دوکانی فرۆشتنی سەوزە و میوە.
- گومرگی سەرەکی فرۆشتنی سەوزە و میوە.
-ئۆتۆمبێلەکانی دابینکردنی کەل و پەلی مارکێتەکان.
-ئۆتۆمبێلی گەیاندنی دەرمان بۆ دەرمانخانەکان.
-دەرمانخانەی ئێشکگر.
- ئۆتۆمبێلی فرۆشتنی غازی ماڵان.
- تەنکەری گواستنەوەی گازی مولیدەکان.
- کۆمپانیای پەیوەندییەکان.
-تیمەکانی چاودێری بازرگانی و کارمەندانی سایلۆی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی دروستکردنی دانەوێلە و ئۆتۆمبێلەکانی بارکردنی دانەوێلە.
- کۆمپانیاکانی خۆراک بۆ چاودێری و بەدواداچوونی کۆگاکانی خۆراک.

چوارەم/ لەکاتژمێر (12)ی شەو تاوەکو (6)ی بەیانی(کارمەندانی ڤێتەرنەری بۆ کێڵگەکانی پەلەوەر، گۆشتگە و سەربرخانەکانی (ئاژەڵان و پەلەوەر)، دەواجن، جوتیاران، هەنگەوانان، ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی، دەراسە، ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی ئاژەڵان) و هەر حاڵەتێکی دیکەی پێویست بڕیان هەیە هاتووچۆ بکەن.

پێنجەم/ تاوەکو 2020.7.4، هاتوو چۆی پارێزگای هەولێر لەگەڵ سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق، بە تەواوەتی ڕادەگیرێت و ڕێگە بە هیچ کەسێک و بۆ هیچ مەبەستێک نادرێت بێتە ژوورەوە بۆ ناو شاری هەولێر، بۆیە تکامان لەهاوڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگاکانی تری عێراق ئەویە، بۆ ئەوەی تووشی گەڕاندنەوە و ئەزیەتکێشان نەبن، تاوەکو 2020.7.4، کەس خۆی لە ڕێگا نەدات بۆ هاتنە ژوورەوەی پارێزگای هەولێر، چونکە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە هاتنە ژوورەوەی هیچ کەس و لایەنێک نادرێت و هەرکەسێک بێتە بازگەکانیش دەگەڕێندرێتەوە.

شەشەم/ لەکاتی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران، فەرمانبەر و کارمەندانی هەر وەزارەتێک دەتوانێت موچەکەی خۆی بەپێی میکانیزمی وەزارەتەکەی کە بۆ دیاریکردووە موچە وەربگرێت.

حەوتەم/ ڕاگەیندکاران تەنها لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆیان هەیە ڕومالْ بکەن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نین لە پارێزگایەکی دیکەوە بێنە پارێزگای هەولێر بۆ ڕوومالْکردن.

بەپێی ئەو بڕیارانە هاووڵاتیان دەتوانن بۆ پێداویستی ماڵەوە و کڕینی پێداویستی تەندروستی و خۆراک بچنە دەرەوە، بەڵام بە ڕێکەوتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە، ئەوا سزای یاسایی لەسەر هەر کەسێک دەسەپێت کە بڕیارەکە پێشێل بکات.

گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە کە 600 روفاتی تێدایە

موسڵ ..سەرچاوەیەك لە فەرمانگەی شەهیدان لە پارێزگای نەینەوا رایگەیاند: کە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە روفاتی 600 بەندکراوی تێدایە لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ و باکووری بەغدا

محەمەد شقولی بەڕێوەبەری فەرمانگەی شەهیدان لە موسڵ ، ڕوونیکردەوە کە هێزە ئەمنییەکان گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزیتەوە لە نزیك بەندینخانەی بادۆش لە ڕۆژئاوای شاری موسل کە روفاتی 600 بەندکراوی تێدایە کە بەدەست تیرۆریستانی داعش کوژراون کاتێك لە ناوەراستی ساڵی 2014 هاتنە ناو شارەکە .

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ناوەراستی ساڵی 2014 هاتە ناو شاری موسل تا ساڵی 2017 کە لە لایەن هێزەکانی عێراق بەهەماهەنگی لە گەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لەناو بران .

لە نەخۆشخانەکان خەریکە شوێن بۆ تووشبوانی کۆرۆنا نەمێنێ

بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕای دەگەیەنێت، قەدەغەی هاتوچۆ وادەکات ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا کەم بێتەوە و بۆ تیمەکانی تەندروستیش سوودی هەیە.

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بە گوتی: «ئەو قەدەغەی هاتوچۆیەی لە هەولێر ڕاگەیاندراوە، سوودی بۆ ڕێگریکردن لە زیاتربوونی حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا هەیە، چونکە لە هەولێر ڕۆژانە حاڵەتەکان دوو هێندە زیاتر دەبن و هەفتەیەکە ڕوو لە زیادبوونێکی بەرچاوە، ئەو قەدەغەی هاتوچۆیە سوودی ئەوەشی هەیە، قەرەباڵغی و تێکەڵی خەڵک کەمتر دەکاتەوە بەمەش ژمارەی حاڵەتەکان زیاتر نابێت».

گوتیشی: «کەمبوونەوەی تێکەڵی و بەریەککەوتن بۆ تیمەکانی تەندروستیش بەسوودە بۆ ئەوەی باشتر حاڵەتەکان بدۆزنەوە و تواناکانیشیان ڕێک بخەنەوە بۆ چارەسەری ئەوانەی پێویستیان بە چارەسەر، چونکە ئێستا خەریکە لە نەخۆشخانەکان شوێن بۆ تووشبوانی کۆرۆنا نەمێنێ».

د. خاڵس قادر ئەوەشی خستە ڕوو: «پێویستە هاووڵاتیان پابەندی ڕێنوێنییە تەندروستییەکان بن، ئەگەر پێویست نەبێ لەماڵ نەچنە دەرەوە، هەر کات بۆ پێویستی چوونە مارکێت، یان بۆ هەر شوێنێکی دیکە، پێویستە ماسك و دەستکێش بەکار بهێنن و لە خەڵکی دوور بن، هەروەها نەچنە میوندارى و دوور کەونەوە لە دانیشتن و قەرەباڵغی لە گەڕەک و پارکی نێو گەڕەکەکان، دەبێ زۆر ئاگاداری بەتەمەن و نەخۆشەکان بن و نەچنە لایان لەو ماوەیە باشترە زوو زوو تەلەفۆنیان بۆ بکەن و لێیان بپرسن».



دەستبەسەر 60 تۆن خۆراکی ماوە بەسەرچووەدا گیرا

لەڕاگەیاندراوێکدا قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر بڵاوی کردەوە کە لە ڕێکەوتی 29-6-2020 دوا بەدوای بەدواچوونمان لەلایەن لێژنەی پشکنین و بازار و ئاسایش و پۆلیسی شارەوانی لەیەکێک لەکۆگاکانی ساردکەرەوە لەسەر ڕێگای گشتی هەولێر-خەبات دەستگیرا بەسەربڕی زیاترلە(60)شەست تۆن گۆشتی بەستووی هاوردەکراو و خورمای ماوەبەسەرچوو .

ڕاشیدەگەیەنن هەردوو کۆگاکەش داخران خاوەنەکانیان کاردانەوەی یاساییان بەرامبەردەکرێت سەرجەم گۆشت و خورمایەکە لەڕێگەی شارەوانییەوە گواستراوەتە زبڵخانە لەناوبردران و خاوەنەکانیشیان ڕێکاری یاساییان لەبەرانبەردا دەگیرێتەبەر.

هەولێر..20 تووشبووی کۆرۆنا باری تەندروستیان ناجێگیرە

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئاشکرای دەکات، 20 تووشبووی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکانی هەولێر باری تەندروستیان ناجێگیرە.

د. دلۆڤان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر دەڵێ: «ئێستا 449 تووشبووی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکانی هەولێر هەن، لەو ژمارەیەدا 20 کەسیان باری تەندروستیان ناجێگیرە و شەشیان لە بەشی چاودێری چڕدان».

گوتیشی: «ژمارەی گەنجان لەناو تووشبووان زیادیکردووە، بەڵام ئەوانەی بەتەمەن و نەخۆشی دڕێژخایەنیان هەیە، کۆرۆنا زیاتر کاریگەریان لێدەکات».

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، ئاماژەی بەوەشکرد: «تائێستا هەرێمی کوردستان لەنێو شەپۆلی یەکەمی کۆرۆنادایە، بەڵام شەپۆلەکە بووتە دوو قۆناغ، لە قۆناغی یەکەمدا ڕێکارەکان باشتر جێبەجێکران و ڤایرۆسەکە بە هیواشی بڵاوبووەوە،و تا ڕادەیەکی باش کۆنترۆڵکرا، بەڵام ئێستا ژمارەی تووشبووان زیاترە و باری تەندروستی نەخۆشەکانیش ناجێگیرترە».

چەمچەماڵ..چاکبووەوەیەکی کۆرۆنا چوار بوتڵ خوێن بۆ پلازما دەبەخشێتە تووشبووان

کارمەندێکی بەشی تاقیگە لە نەخۆشخانەیەکی چەمچەماڵ دوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە ماوەی پێنج هەفتەدا چوار بوتڵ خوێن بۆ پلازما دەبەخشێتە تووشبووەکانی کۆرۆنا لە سلێمانی و چەمچەماڵ.

زانا لەتیف، تەمەنی ٣١ ساڵە و کارمەندی بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید پێشرەوە لە چەمچەماڵ، ڕایگەیاند، «زۆربەی تووشبووەکان پێش ئەوەی بچنە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا لەلای ئێمە پشکنینیان بۆ دەکرت، بۆیە پێموایە بەهۆی بەرکەوتنم لەگەڵ تووشبووان ڤایرۆسەکەم بۆ گوزارابێتەوە. دوای ئەوەی کە ئەنجامی پشکنینەکەم دەرچوو و ئەرێنی بوو، لە ماڵی باوکم خۆم کەرەنتین کرد».

زانا لەتیف کە خێزانداراە و سێ منداڵیشی هەیە، دەشڵێت، «خۆشبەختانە خێزان و منداڵەکانم هەڵگری ڤایرۆسەکە نەبوون. لە ماوەی کەرنتینەکەشم لە ماڵەوە چارەسەرەکانم وەردەگرت و ڕێنماییەکانم جێبەجێ دەکردن. تاوەکو ڕۆژی ١٧/٠٥/٢٠٢٠ دواییەن پشکنینم کرد و ڤایرۆسەکم تێدا نەمابوو».



ئەو کارمەندە لە ماوەی پێنج هەفتەی دوای چاکبوونەوەیدا چوار بوتڵ خوێن و پلازمای بەخشیوە. زانا باس لەوە دەکات، «لەبەر ئەوەی خوێن و پلازما لە سلێمانییەوە نایەت بۆ چەمچەماڵ و بەخشینی خوێن بە تووشبووانی تالاسیمیاش هەر لەسەر خۆمان بوو، بۆیە قورساییەکی زۆرمان لەسەر بوو. منیش خوێنم زۆر بوو، دوای پاکبوونەوەم پەیوەندییان پێوەکردم کە تووشبوویەکی کۆرۆنا لە سلێمانی تەندروستیی زۆر خراپە و داوای خوێن و پلازمایان لێکردم، منیش بەبێ ئەوەی کەسەکە بناسم خوێنم پێبەخشی. دواتر بوتڵێکی دیکەم بە ناسیاوێکی خۆم بەخشی. سێیەم بوتڵم دایە ئافرەتێک و چوارەمیشم دوێنێ بە ئافرەتێکی دیکە بەخشی. ئێستایش ئەگەر بەشی بەخشین خوێنم هەبێت، ئامادەم لەپێناو چاکبوونەوە و ڕزگارکردنی ژیانی تووشبووانی کۆرۆنا ببەخشم، ئەمەش بە ئەرکێکی نیشتمانی دەزانم».



منداڵێکی چوار ساڵان لە دەریاچەی سیروان خنکا

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە بڵاویکردەوە، کاتژمێر ٩ی دوێنێ بەیانی، خێزانێک چوونەتە کەناری دەریاچەی سیروان، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەیان کەوتووەتە ناو دەریاچەکە.

پۆلیس ئاماژەی بەوەشکردووە، منداڵێک بەناوی م.ب.خ تەمەن چوار ساڵان کە دانیشتووی هەڵەبجەیە خنکاوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی پۆلیس، ئۆتۆمبێلەکە لە جۆری جێب بووە و تەرمی منداڵەکەش دەرهێنراوەتەوە.

زێی سیروان سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە و لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە نزیک شاری سنەوە هەڵدەقوڵێت، پاشان لە نێوان هەورامانەوە دێتە باشووری کوردستان.

جووتیاران لە فرۆشتنی بەروبووی شووتی ناڕازین



جووتیارێک: دوای خراپبوون و رزینی بەروبووم ناوخۆییەکان، ئینجا هاوردەی بەروبووی دەرەوە قەدەغە دەکرێت

ئەمساڵ بەرارود بە ساڵانی ڕابردوو، جووتیاران گلەیی لە بەروبووم‌کانیان دەکەن کە بەهۆی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆناو قەیرانی دارایی‌یەوە نەیانتوانیووە بەروبووم‌کانیان ساغ بکەنەوە و لە شێوازی فرۆشتن و مامەڵەکردنیش بە بەروبووم‌کانییان نیگەرانن. جووتیارێکیش ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانی ڕابردوو، ڕۆژانە نزیکەی ٢٥ باری پیکئاپ شووتی دەفرۆشت و لەئێستاشدا بەهۆی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی، ڕۆژانە پێنج بار شووتی دەفرۆشێت کە دەکاتە نزیکەی شەش هەزار کیلۆگرام لە کاتێکدا زەویەکەی ٤٠-٥٠ دۆنم دەبێت.

جووتیارێکی خەڵکی شارەدێی بەحرکەی سەربە پارێزگای هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات کە زەویەکەی بە کرێ گرتووە بۆ ئەوەی شووتی لێ بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەهۆی دۆخی تەندروستی و دارایی‌یەوە ناتوانێت قازانج بکات و لە شێوازی مامەڵەکردنیش لە عەلوەکان نیگەرانە.

جووتیار، موحسین خدر کە خەڵکی ناحیەی بەحرکەیە، دەڵێت: خەریکی بەرهەمهێنانی شووتیم و زەویی‌یەکەم ٤٠-٥٠ دۆنم دەبێت، زەویی‌یەکەم بە کرێ گرتووە و بۆ هەر دۆنمێک نزیکەی ٥٠٠ هەزار دینار خەرجی تێدەچێت و ئەمساڵ بەهۆی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی، ناتوانین وەک پێویست بەروبووم‌کانمان بفرۆشین، چونکە پێشتر بەشێکی زۆری بەرهەمەکان بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دەچوو، ئەمساڵیش بەهۆی ڕێکارە تەندروستییەکان ناتوانرێت وەک پێویست بەروبووم‌کانمان بگات بە شارەکانی خواروو عێراق.

ئەو جووتیارە ئاماژە بەوە دەکات کە توخمەکان لە دەرەوە هاوردە دەکەن و دەشڵێت: کە ئەو تۆوی ئەو شووتییە لە تورکیاوە هاوردە دەکرێت و باشترینانە، لەمبارەیەوە گوتی: توخمەکەی هەموو لە دەرەوە دەیهێنین، ئێستا ئەو تۆوەی چاندوومانە لە تورکیا هاروده کراوە، دووەم ساڵە دەیچێنم جۆرەکەی باشە و بابەتی دیکەشمان هەیە، بەگشتی کێشی شووتییەکان ١٠-١٢ کیلۆگرام دەردەچێت، جاری واهەبووە شووتی هەرە گەورە تا ١٥ کیلۆ بووە.

موحسین خدر دەشڵێت: ڕۆژانە کاتژمێر چواری بەرەبەیان تا نیوەڕۆ کار دەکەین، ئەمڕۆ تەنیا دوو بار شووتیمان لێکردووەتەوە و سێ پیکەپیش لە چاوەڕوانییدایە، واتا پێنج بار شووتی، لە کاتێکدا ساڵانی ڕابردوو ڕۆژانە ٢٥ پیکئەپ شووتیمان لێ دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دوێنێ یەک پیکئەپ شووتیمان بە ٧٥ هەزار دینار فرۆشتووە لە کاتێکدا زیاتر لە ٥٠ هەزار دینار خەرجی بووە، چونکە کرێکار بۆ ڕنینەوە هەر پیکئەپێک بڕی ١٠ هەزار وەردەگرێت و بە ٣٥ هەزاریش دەیگوازینەوە بۆ عەلوە و لەوێش بڕی ١٠ هەزار دەدەین بە دەڵاڵی گۆڕەپانی شووتی. پارساڵ بابەتی ئەو ١٠ هەزارەمان گەیاندە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان، بەدواداچوونیشیان کرد، بەڵام گرفتەکەمان چارەسەر نەبووەو ئێمە نیگەرانین لەم جۆرە مامەڵەیە.

ئەگەرچی ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بۆ ساغکردنەوەی بەروبووی خۆماڵی، هاوردەکردنی بەرهەمی دەرەوە قەدەغە دەکات، بەڵام ئەو جووتیارە پێی وایە دوای خراپبوون و ڕزینی بەروبووم ناوخۆییەکان، ئینجا بڕیار دەدرێت هاوردەی بەروبووم دەرەوە قەدەغە بکرێت، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، زووتر هاوردەی بەروبووم دەرەوە قەدەغە بکات، ڕێگاکانی هاوردەی بەروبووم‌کان دابخرێت، چونکە زۆرجار هەیە ڕێگا دادەخرێت، بەڵام بە ڕێگای قاچاخ بەروبووم هەر هاوردە دەکرێت کە بەداخەوە بازاڕ پڕ بووە لە بەروبووم ئێرانی و پێویستە حکوومەت ڕێگربێت.

یەکێک لەو کەسانەی کە ڕۆژانە وەکو کرێبار شووتییەکان دەگوازێتەوە بۆ عەلوە، کە هاوکات قوتابییەکی زانکۆیە و بەگوتەی خۆی بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی کرێباری دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرجار هەیە جووتیارەکان قەرزار دەبنەوە بەهۆی ئەوەی بەروبووم‌کانیان هەرزانە و تێچوویشی زۆرە.

خاوەنی پیکئەپ، ئەیوب خدر گوتی: من کرێباریی دەکەم، ڕۆژانە یەکجار دەتوانم کرێ بکەم، پێرێ کاتژمێر نۆی بەیانی چووم تا کاتژمێر پێنجی ئێوارە لە گۆڕەپان بووم و پاشان بارە شووتییەکەم بە ٥٠ هەزار فرۆشت و جووتیارەکە قەرزار بووەوە، چونکە بڕی ١٠ هەزار دینار دەدات بە کرێکار لە کاتی لێکردنەوەی شووتییەکە، بڕی ٣٥ هەزار دەدات بە کرێی گواستنەوە و بڕی ١٠ هەزاری دەڵاڵی، بۆیە جووتیارەکە قەرزار بووەوە.

هاوکات سالم سالح عەزیز کە وەکو کرێبار هاتبووە کێلگەکە بۆ شووتی کڕین، دەڵێت: هاتوومە شووتی بکڕم و دەبیەم بۆ دوکان، ئێمە هەر لێرە دەیکڕین باشترە و بۆیەش ناچینە گۆڕەپانی شووتی، چونکە لەوێ بڕی ١٠ هەزار لە کرێبار و بڕی ١٠ هەزاریش لە فرۆشیار وەردەگیرێت، هەروەها کرێی گواستنەوەی بارەکە نادەم و لێرە هەرزانتر ڕادەوستێت، جاری وا هەیە، چوار تا پێنج ڕۆژ یەک پیکئەپ شووتی دەکڕم بە نرخی ڕۆژ، قازانجەکە کەمە چونکە بازاڕ نییە، پارە نییە و مووچە نییە و کار نییە، کاتەکانی دیکە کیلۆی شووتی ٦٥٠ دینارە، بەڵام کە شووتی خۆمان پێڕادەگات کەس نایکڕێت.

فرۆشیارێک: یەک بار شووتیمان بە 75 هەزار دینار فرۆشتووە لە کاتێکدا زیاتر لە 50 هەزار دینار خەرجی بووە





سازان عوسمان: هاککەرەکان دەزانن کۆمەڵگە بە چ بابەتێک هەستیارە، بۆیە پەنا بۆ دزینی شتە تایبەتییەکان دەبەن

ڕزگار وەحید: هاککەرەکان سەرکێشن، حەز بە دەرکەوتن دەکەن و گۆشەگیرن

ئاواز شێرزاد: هاککردن یەکێکە لە تاوانە ئەلیکترۆنییە گەورەکان

بڕیار زەنگەنە: بەشێوەیەکی گشتی هاککردن بریتییە لە سیخوڕیکردن

هاککردن..
دیۆوەزمەی نێو سۆشیال میدیا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا

سۆشیال میدیا هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوەو توانیویەتی بێتە بەشێکی ژیانی ڕۆژانەمان و کارئاسانی بۆ کردووین، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم کارئاسانییەی کە سۆشیال میدیا کردوویەتی ناتوانین بە دڵنیایی بەکاری بێنین دێوەزمەی هاککردن لەلایەن گرووپە هاککەرەکان و هەندێ کەس وایکردووە کە بەترسەوە بەکاری بێنین.

خەبات: پەریهان عومەر

ئاواز شێرزاد ئەحمەد بەرپرسی ناوەندی سیدەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێت:

هاککردن یەکێکە لەتاوانە ئەلیکترۆنییەکان، کە کەسێک دێتە نێو کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلەکەتەوە لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و پڕۆگرامی تایبەتەوە، مەبەستەکەش دزینی وێنەو ڤیدیۆ و هەندێکجاریش بۆ دزینی زانیاری و داتا یاخود سیخوڕیکردن و لەکارخستنی ئامێرەکەت، کە بەیەکێک لە تاوانە گەورەکان هەژمار دەکرێت و پێیدەگوترێت سۆشیال میدیای هاک، هەروەها دزی ئەلیکترۆنیش هەیە، کە ئەویش دەچێتە چوارچێوەی هاککردن و خۆی لە دزینی هەژماری بانکی و دزینی پارە. **ئاواز شێرزاد دەشڵێت:** هیچ کات بڕوام بە هاککردن نەبوو، تا ڕۆژێک ئەکاونتەکەی خۆم هاککرا، ئەوکات زانیم هاککردن بوونی هەیە و پێویستە بە هۆشیاری زیاتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێندرێن، دەبێ گەنجی ئێمە زۆر فراوانتر بیر بکەنەوەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئامانجێکی بەسوود و دوور لە کرداری ناشیاو بەکاربێنن، ئەوکات ئەگەر هاکیش بکرێن، ترستان نابێت.

سازان عوسمان ڕێکخەری کۆمەڵەی کچانی ژیر دەڵێت:

هاککردن و دزەکردنی داتاکان بۆتە یەکێک لەمەترسیدارترین ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و پڕۆگرام و سۆشیال میدیا دەبێتەوەو بەوهۆیەوە بەکارهێنەران چیتر هەست بەئارامی ناکەن، بەڵام ناشکرێت لەبەر ڕەفتاری کەسانێکی نەخۆش ستایلی ژیان بگۆڕین.

هەروەها سازان گوتیشی : کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بە گشتی هێندە مرۆڤی نەخۆشی تیایە، کە ماف بە خۆیان دەدەن دەست بدەنە هەموو شتێکی کەسانی دیکە، هەڵبەت ئەو کەسە نەخۆشانە باش دەزانن خەڵک بە چ بابەتێک هەستیاری هەیەو هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین هەر ماوەی جارێک ڤیدیۆی سێکسی کەسێکی ناسراو بڵاودەبێتەوە، ئەگەر ئێمە گرنگی بەو بابەتانە نەدەین و هیچ کەسێک لەسەر گرتەیەکی 15 چرکەیی هەڵنەسەنگێنین، هاککەرەکانیش بێ ئیش دەبن و چیتر پەنا بۆ ئەو هێنەرانی سۆشیال میدیا، بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بەبێ ترس سۆشیال میدیا بەکاربێنین، هاککەرەکان کەسانێکی سەرکێشن، حەز بە دەرکەوتن دەکەن و گۆشەگیرن، زۆر بە نهێنی ئەو کارە ئەنجام دەدەن، هاوکات کەسانی ترسنۆکن و خۆیان دەشارێنەوە، هەندێکجاریش لە پێناو ناوبانگدا ئەم کارە دەکەن، یاخود بۆ ئامانجێکی ماددی و خزمەتکردن بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو.

ئەو گوتیشی: تەنیا بەکارهێنەرەکانی سۆشیال میدیا نین، کە دەکەونەبەر هێرشی هاککەرەکان، بەڵکو کۆمپانیا و وڵاتە پێشکەوتووەکان و سەرمایەدار و کەسایەتیە سیاسییەکانیش ڕووبەڕووی هێرشی هاککەرەکان دەبنەوە.

بڕیار زەنگەنە ڕاگەیاندنکار لە بارەی هاککردنی سۆشیال میدیا گوتی:

بڕوام بە هاککردن هەیە، لە سەدەی 21 زانست و تەکنولۆژیا زۆر پێشکەوتووە، هاککەرەکان لە سەر ئاستی جیهان بەردەوام ژمارەیان زیاد دەبێت، ئەوەیش مەترسی درووست دەکات لەسەر بەکار بەردەفتارییانە نابەن، چونکە هەرچی لەنێو مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانمان هەن، شتی تایبەتن و مافی کەسانی دیکە نییە دەستیان بۆ ببات.

ڕزگار وەحید حسێن ڕۆژنامەنووس دەڵێت:

بڕوام بە هاککردن هەیە، لە سەدەی 21 زانست و تەکنولۆژیا زۆر پێشکەوتووە، هاککەرەکان لە سەر ئاستی جیهان بەردەوام ژمارەیان زیاد دەبێت، ئەوەیش مەترسی درووست دەکات لەسەر بەکار هێنەرانی سۆشیال میدیا، بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بەبێ ترس سۆشیال میدیا بەکاربێنین، هاککەرەکان کەسانێکی سەرکێشن، حەز بە دەرکەوتن دەکەن و گۆشەگیرن، زۆر بە نهێنی ئەو کارە ئەنجام دەدەن، هاوکات کەسانی ترسنۆکن و خۆیان دەشارێنەوە، هەندێکجاریش لە پێناو ناوبانگدا ئەم کارە دەکەن، یاخود بۆ ئامانجێکی ماددی و خزمەتکردن بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو.

ئەو گوتیشی: تەنیا بەکارهێنەرەکانی سۆشیال میدیا نین، کە دەکەونەبەر هێرشی هاککەرەکان، بەڵکو کۆمپانیا و وڵاتە پێشکەوتووەکان و سەرمایەدار و کەسایەتیە سیاسییەکانیش ڕووبەڕووی هێرشی هاککەرەکان دەبنەوە.

بڕیار زەنگەنە ڕاگەیاندنکار لە بارەی هاککردنی سۆشیال میدیا گوتی:

بڕوام بە هاککردن هەیە، لە سەدەی 21 زانست و تەکنولۆژیا زۆر پێشکەوتووە، هاککەرەکان لە سەر ئاستی جیهان بەردەوام ژمارەیان زیاد دەبێت، ئەوەیش مەترسی درووست دەکات لەسەر بەکار بەشێوەیەکی گشتی هاککردن بریتییە لە سیخوڕیکردن و هاتنە ناو مۆبایل یاخود کۆمپوتەری کەسێک بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی، هاککەرەکان کەسانی بێ ئیش و دەست بەتاڵن، زۆرجار ئەم کارە دەکەن بۆ بەناوبانگ بوون یان کات بەسەربردن یان بەمەبەستی بەدەستهێنانی پارە و بەرەودان بە بیرۆکەیەکی دیاریکراوی بواری هاککردن، زۆرجار وڵاتان وەکو جەنگی سارد دژی یەکتر هاککەرەکان بەکاردێنن. **ئەو ڕاگەیاندنکارە دەشڵێت:** باڵاوترین جۆری هاککردن، هاکی تاکە کەسییە، ئەوانەی ئەم کارەش دەکەن کەسانی نەخۆشن، حەزی سیخوڕیکردن بەسەر کەسانی دیکەیان هەیەو دەیانەوێت بڕۆنە ناو شتە تایبەتییەکانی کەسانی کەسانی بەرانبەرو چێژ لەوە وەردەگرن.

دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٢٢٤/ش/٢٠٢٠
ریّکەفت/ ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (زوزان عزیز رمضان) ڤێ دادگەهێ ل ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢١ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (هشیار حسن عبدالله) بریاردا ب (ایقاع الطلاق) دناڤبەرا تە وهەڤژنێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادوەر/ زیڤان احمد حسین
* * *
بەریّوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٦٥٢ / ٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (علی ابراهیم محمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ریّیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ریّکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ریّکێن یاسایی بێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەریّوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٦٥١ / ٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (علی ابراهیم محمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ریّیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ریّکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ریّکێن یاسایی بێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەریّوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٣٦٥/ت/ ٢٠١٩
ریّکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا یەکەیەکا ئاکنجیبونێ (شقە سکنیە) یا ژمارە (٩) ل تابقی (٣) ل عیمارا (B١) ئەوا دکەفیتە ل (سمیل تناهی/کومەلگەها ناورو ستی) یا قەردار (ریفینك عبدالرزاق سعید) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبیتە (٧١٩٢٠٠٠٠) حەفتی وئێك ملیون ونە سەد وبیست هزار دیناری عیراقی دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەریّوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٤٧٠/ت/ ٢٠١٩
ریّکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا یەکەیەکا ئاکنجیبونێ (شقە سکنیە) یا ژمارە (٣٦) ل تابقی (٩) ل عیمارا (C٥) ئەوا دکەفیتە ل (سمیل تناهی/کومەلگەها ناورو ستی) یا قەردار (محمد عزیز محمد) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبیتە (٧٤٤٠٠٠٠٠) حەفتی وجوار ملیون وجوار سەد هزار دیناری عیراقی دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
بەریّوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٤٠٣/ت/ ٢٠١٩
ریّکەوت/ ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا یەکەیەکا ئاکنجیبونێ (شقە سکنیە) یا ژمارە (٣٩) ل تابقی (١٠) ل عیمارا (A١) ئەوا دکەفیتە ل (سمیل تناهی/کومەلگەها ناورو ستی) یا قەردار (نزار علی مصگفی) بو جارا ئیکی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبیتە (٧٤٤٠٠٠٠٠) حەفتی وجوار سەد هزار دیناری عیراقی دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
جێ بەجێ کاری داد
ریبر سلمان خالد
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٩٠/ب/٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (بیاف سامی مرعان جهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دڤی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ڕیڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئافا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (١٠٠٨٠٠٠٠) دەە ملیون وهەشتێ هەزار دینار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (٧٦٠) ئافاهیا (G٨) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا پولیسین نزارکی ژمارە (١٥٢٣) ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریّکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠) ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٨٤/ب/٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (شورش عبدالحمید وحید کلحو) جهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دڤی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ڕیڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئافا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (١٠٨٠٠٠٠٠) دەە ملیون وهەشت سەد هەزار دینار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (٢٧٤) ئافاهیا (b٨) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا پولیسین نزارکی ژمارە (١٥٢٦) ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریّکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠) ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٨٦/ب/٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (بروین سلیمان صادق مصطفی) جهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دڤی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ڕیڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئافا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (١٠٤٤٠٠٠٠) دەە ملیون وچار سەد وچل هەزار دینار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (١٣٤) ئافاهیا (A١٢) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا پولیسین نزارکی ژمارە (١٥٢٦) ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریّکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠) ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٩٦/ب/٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (شیماء عزت علی مصطفی) جهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دڤی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ڕیڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئافا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (١٣٦٨٠٠٠٠) سێزدە ملیون وشەش سەد وهەشتێ هەزار دینار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (٦٧٤) ئافاهیا (G١) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا پولیسین نزارکی ژمارە (١٥٢٤) ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریّکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠) ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٨٤/ب/٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (شوکریە عبدالله حاجی) جهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دڤی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ڕیڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئافا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (١٠٨٠٠٠٠٠) دەە ملیون وهەشت سەد هەزار دینار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (٢٧٤) ئافاهیا (b٨) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا پولیسین نزارکی ژمارە (١٥٢٢) ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٦ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریّکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠) ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٨١/ب/٢٠٢٠
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (جیران توفیق یحیی) جهێ ئاکنجیبونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دڤی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر /ڕیڤەبەری ریپیدایی کومپانیا ئافا وەلات- زیدەباری کاری وی) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە (١١٣٤٠٠٠٠) یازدە ملیون وسی سەد وچل هزار دیناریّ عیراقی یا یەکا ژمارە (٨٦) ئافاهیی (A٨) پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ڕیڤەبەریا دادی یا ژمارە (٨٨٦) ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٦/١٠ وراپورتا هەلبژێری تاخی لیلاف ستی ریّکەفتی ٢٠٢٠/٦/٩ ڤێ دادگەهێبریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریّکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٧/٢٨ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر/ عزیز محمد سعید
* * *
بەریّوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٥٩٨
ریّکەوت/٢٠٢٠/٦/٣٠
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٤٦٠/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (هزرت کریم عبدی) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیف داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٩٨٢٤٧٥٠) نوە ملیون وهەشت سەد وبیست وچار هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٥٠٤٠٠٠٠٠)پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار دگەل رەگەزنامە عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلایەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٤٦٠/٩٥) کەرتێ(٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ عیمارا (D٥) شوققا (٤٨٢) قاتێ (١) عیمارا ئاکنجیبونێ وبازرگانێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ عیمارا ئاکنجیبونێ بیك دهێت ژ (٣) قاتا شوققا ژمارە (٤٨٢) قاتێ (١) ژ عیمارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ دوو ژۆرێت نفستنێ ولێنانگەە وپێکهاتین ساخلەمیێ وهۆل داخلی واجیهە (جەنوب غەرب) روبەر (١١٣،٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٥٠٤٠٠٠٠٠)پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار
ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/٤٥/کەتن/٢٠٢٠
بەروار/٢٠٢٠/٦/١٤
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (لقمان اسماعیل سعید) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێ ی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك لسەر (٢) دوو تومەتا بۆ ماوێ (٢) دوو سالا بو هەر تومەتەکێ (١) ئێك سال لدیف بەندێ (١/٤٥٦أ و ب)ژ یاسا سزایێ وژبەر نەیاسینا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بریّکا دوو روژنامێن نافخویی وتە مافێ هەی نەرازیبونا خو دەربری لسەر بریارا دادگەهێ لدەمێ هاتیە دیارکرن د یاسایێ دا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا وبەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسەندکرن ودێ هێتە بجهئینان
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/٥٠/کەتن/٢٠٢٠
بەروار/٢٠٢٠/٦/١٦
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (الان بدران قجو) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێ ی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (٢)دوو سالا لدیف بەندێ (٤٥٣)ژ یاسا سزایێ وژبەر نەیاسینا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بریّکا دوو روژنامێن نافخویی وتە مافێ هەی نەرازیبونا خو دەربری لسەر بریارا دادگەهێ لدەمێ هاتیە دیارکرن د یاسایێ دا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا وبەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسەندکرن ودێ هێتە بجهئینان
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/١٤٢/کەتن/٢٠٢٠
بەروار/٢٠٢٠/٦/٢١
ئاگەهداری
بو کەسێ دادگەهکری (بدری عبدالله حاجی) تو یێ هاتیە دادگەهکرن بێ ی ئامادەبوون بزیندانکرنا سڤك بو ماوێ (٦)شەش هەیڤا لدیف بەشێ (١/٢٣) ژ یاسا هاتن وچوونێ یا ژمارە ٨٦ یا سالا ٢٠٠٤ ویا راستڤەکری ب یاسا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٨ ئەوا لپەرلەمانێ کوردستانێ دەرچووی وژبەر نەنیاسینا جهێ ئاکنجیبونا تە بریار هاتەدان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارا دادگەهێ بریّکا دوو روژنامێن نافخویی وتە مافێ هەی نەرازیبونا خو دەربری لسەر بریارا دادگەهێ لدەمێ هاتیە دیارکرن د یاسایێ دا بو دەمێ (٣) سێ هەیڤا وبەروڤاژی ڤێ چەندێ بریارا دادگەهێ دێ هێتە پەسەندکرن ودێ هێتە بجهئینان
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
الی /الاعضاء الشرکة (TRIPLECABIN) للمقاولات الانشائیة /المحدودة
م/ تبلیغ بالحضور
نظرا لمرور فترة طویلة علی عدم عقد اجتماع بخصوص کیفیة ادارة امور الشرکة وللضرورة علی اجراء الاجتماع لغرض تصفیة شرکة (TRIPLECABIN) للمقاولات الانشائیة /المحدودة ولعدم ممارسة الشرکة نشاطها منذ تاسیسها لهذا تقرر تعین یوم (الاثنین) الساعة العاشرة صباحا والموڤرخ في ٢٠٢٠/٧/٢٠ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشرکة الکائن في دهوك / سمیل / الشارع العام واتخاذ القرار بتصفیة الشرکة
المدیر المفوض
فلاح مجید دیوالي
* * *
دائرة کاتب عدل سمیل
رقم /٩٤
التاریخ/٢٠٢٠/٦/٢٦
م/ اعلان
المنذر/ المحامیة شرمین صالح حاجي/ وکالة عن (جاسم حاجي حمو) بموجب الوکالة العامة المرقمة (٧١٩٦ السجل ٣٦) والصادرة بتاریخ ٢٠٢٠/٥/١٢ الصادرة من کاتب عدل دهوك
المنذر الیه (هندیه مصطو سلیمان) سبق وان قام موکلي (جاسم حاجي حمو) اشتری منك العقار المشید علی القطعة المرقمة (٢٦٧٠/١) مقاطعة ١٨ زینیات بتاریخ ١٩٨٨/٦/١ وانك استلمتي جمیع مبلغ البیع نقدا والبالغ (٢٠٠٠) الفان دینار سویسري في حینه وبعدها قام موکلي ببناء دار سکني علی العقار المذکور اعلاه ویشغله منذ عام ١٩٨٨ ولحد الان وعلیه اني اسیر البکي هذا الانذار طالبا منکي الحضور في مدیریة التسجیل العقاري في سمیل قبل انتهاء الدوام الرسمي في یوم ٢٠٢٠/٧/٢٢ لتسجیل العقار المذکور اعلاه باسم موکلي المنذر وعلیه فاننا ننذرك وبعکسه سنضطر الی اقامة الدعاوي امام المحاکم المختصة ولمجهولیة محل اقامتك حسبما جاء في اشعار مختار المحلة وکتاب مرکز شرطة خانك المرقم (١٠٨٨/١٠) في تاریخ ٢٠٢٠/٦/٢٤ تقرر نشر تبلیغکم في صحیفتین یومیتین محلیتین وقد اعذر من انذر
سالم سلیمان خلیل
کاتب عدل سمیل
* * *
مدیریة تنفیذ ئاکری
العدد /٣٤٠/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة /٣٤٠/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بیع العقار المرقم ٣٣٨/١ مقاطعة ٨٩ شیوه کور المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري الاوصاف : رقم الاضبارة ٣٤٠/ت.د/٢٠٢٠ الموقع ئاکری /١١ ایلول المساحة ٣٠٠ م٢ الجنس ملك صرف القیمة المقدرة (٨١٨٤٠٠٠٠) واحد وثمانون ملیون وثمانمائة واربعون الف دینار عیراقي
المنفذ العدل
بدران عبدالرحیم حاجي
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/١٩/ب/٢٠٢٠
ریّکەفت/٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (فرج عبدالحمید محمد) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکار (عزیز حسن خلف) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە دانا قەرەبویێ کوژمێ (١٠٠٠٠٠٠٠) دەە ملیون دینار لدیف کارێ تە کری بەرامبەر داواکاری ودزینا کەل وپەلیت گرنگ ژ مالا وی کو زیان پێ کەتیە ولدیف بریارا دادگەها تاوانا ل دهۆك /٢ یا ژمارە ٨٠/ج/٢٠١٧ یا هاتیە سەلماندن وژبو رەسمی داوا داوای کریە ب کوژمێ سێ ملیون دینارا ومافێ داوا (حادثە) یان بتنێ (المستقلە) ب وێ زێدەیا دداوەنامێ لدیف راپورتا شارەزایان ژبەر نەشتەجیبونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری (هیئة اختیاریة مخیات اللاجئین فی دومیز/١ ل روژا ٢٠٢٠/٦/٩ بژیە دادگەهێ بریاردا تە ب ریکا دوو روژنامەی ناوخویی روژانەدا ئاگەهدار بکەین کو ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠٢٠/٧/١٣ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادوەر/ قیصر صائب صلاح

حکوومەتی عێراق لە نێوان نارۆ و بزمارداید





کاروان محەمەد سینو

پاش شەپۆلێکی بەهێزی خۆپێشاندان لە بەغدا دژی دەسەڵات و لایەنە سیاسییەئیسلامییەکانی عێراق و دەست لە کارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق و هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکەی و کوشتنی قاسم سلێمانی سەرداری فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران و ئەبوومەهدی موهەندیس سەرکردەی باڵادەستی حەشدی شەعبی لە ئەنجامی هێرشێکی لەناکاوی فڕۆکە بێفڕۆکەوانی (درون)ی ئەمریکی لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا و بەڕابوونی هەڵمەتی میلیشیا و لایەنە سیاسییەکانی سەر بە ئێران لە عێراقدا بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە نێو خاکی عێراق. لەنێو هەموو ئەم کار و کاردانەوە سیاسییە دژبەیەکان، (بەهەزار قولهو وەڵڵا) حکوومەتی نوێی عێراق (حکوومەتی مستەفا کازمی) پێکهێنرا.

بەر لەوەی مستەفا کازمی ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، حەیدەر عەبادی لە ٢٠١٩/٦/٧ مستەفا کازمی دامەزراند بە بەرێوەبەری گشتیی هەواڵگری عێراق، هەرلەگەڵ دەستبەکاربوونی، مستەفا کازمی وەکو بەرێوەبەری گشتی هەواڵگری عێراق دەستیکرد بە پاکتاوکردنی کارمەندانی هەواڵگریی گشتی ئەو دەزگایەی کە پاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن بە چاودێری ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا (CIA) لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا بوو، لەم پاکتاوەیدا مستەفا کازمی چەندین ئەفسەری پایەبەرزی ئەم دەزگایەی پەراوێز خست و هەندێکی خانەنشین کرد و هەندێکی دیکەشی بۆ شوێنی دیکە گواستەوە. ئەوەی شایانی هەڵوەستە بوو لەم گۆڕانکارییانەیدا، کازمی هۆبەی ئێران (شعبە ایران)ی لە نێو دەزگای هەواڵگریی عێراق لابرد، شایانی باسە ئەم هۆبەیە تایبەتمەندبوو بە چاودێری کردنی جموجۆڵی باڵیۆز و کونسول و سەرکردە کانی ئێران لە نێو عێراقدا. هەروەها ئەم هۆبەیە چاودێری چڕی جموجۆڵی هەموو ئەو میلیشیا و لایەنە سیاسییە عێراقیانەی دەکرد کە سەربە ئێران بوون. واپێدەچوو ئەم هەڵوێستانەی مستەفا کازمی بۆ ئەوە بوو کە ڕەزامەندی و دەستخۆشی سەرکردایەتیی ئێران بەدەست بهێنێ و بەدەستیشی هێنا!.

مستەفا کازمی لەساڵەکانی هەشتای سەدەی ڕابردوو پەیوەندی کردبوو بە حزبی دەعوەی ئیسلامی شیعە مەزهەب و دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ لەرێگای کوردستانەوە کۆچبەری ئێران بوو و لەوێوە چووە ئەڵمانیا و دواتر چووە بریتانیا و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام گەڕایەوە عێراق.

شایانی باسە بەرلەوەی مستەفا کازمی ببێتە نێو شانۆی سەرکردایەتیی سیاسەتی عێراق وەکو ڕاگەیاندنکار و چالاکوانی مەدەنی لەچەندین پۆستدا کاری کردووە و دوا پۆستی بەرلەوەی ببێتە بەرێوەبەری گشتیی هەواڵگری عێراق کازمی وەکو بەرێوەبەری نووسینی بەشی عێراق لەماڵپەڕێکی نێودەوڵەتی (ئەل مۆنیتۆر)ی سەر بە ئەمریکا کاری کردووە. کازمی دۆستایەتی باش و پەیوەندی نایابی لەگەڵ هەریەکە لە ئەمریکا و ئێران هەیە. مستەفا کازمی پاشخانەی سیاسی لە حزبی دەعوەی ئیسلامی هەیە و ئەندامێکی ئەو حزبە بووە، هەروەها کازمی دەکاتە زاوای مەهدی عەلاق ئەمینداری پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق (ئێستاش ئەگەر هەڵە نەبم ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانە؟!)

لە ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ کاتێک کە بەرێوەبەری گشتیی هەواڵگری عێراق بوو، مستەفا کازمی لەسەردانێکی بۆ ئێران چاوی کەوت بە بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ عەلی لاریجانی سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمانی ئێران، مستەفا کازمی پەسن و پێزانینی خۆی دەربڕی بەو هەموو هاوکاری و هەماهەنگییانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێشکەش بە عێراقی دەکات لە هەموو بوارێکدا، هەروەها لەو دیدارەیدا مستەفا کازمی ئاماژەی بەوەکرد کە مەرجەعی ئایینی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕزگارکردنی عێراق.

بەڵام پاش کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لەسەردەستی ئەمریکا وەکو باسمانکرد، ئەبوعەلی عەسکەری بەرپرسی باڵای میلیشیای حزبوڵڵای عێراق، مستەفا کازمی بەوەی تۆمەتبار کرد کە دەستی هەبووە (زانیاری داوە) لە کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕابردوو ٢٦ی٦ی٢٠٢٠ لە ئۆپەراسیۆنێکی کوتوپڕی نهێنی، هێزێکی دژەتیرۆری عێراقی هێرشی کردە سەر بنکەیەکی حزبوڵڵای عێراق لە نێو کێڵگەیەك لە دەڤەری (دۆرە)ی شاری بەغدا کە بریتی بوو لە کارگەیەکی دروستکردنی مووشەکی دەستکرد و پایەکانی هەڵدانیان، لەم ئۆپەراسیۆنەدا دەستگیرا بەسەر چەندین مووشەك و پایەی هەڵدانی مووشك، هەروەها ١٤چەکدار و ٣بەرپرسی میلیشاکانی حزبوڵڵای عێراق (خلیە الکاتیوشا) شانەی کاتیۆشا دەستگیر کران، هەندێک سەرچاوە باسیان لەوە کرد کە لەنێو گیراوەکاندا شارەزایەکی ئێرانی لە دروستکردنی مووشەك هەبوو. دوابەدوای ئەم ئۆپەراسیۆنە میلیشیاکانی حزبوڵڵای عێراق دەستیان کرد بە جوڵاندنی هێزێکی زۆر بە ناو شاری بەغدادا ئەمەش بووە مایەی دڵەڕاوکێی دەسەڵاتی عێراق و تەوای خەڵکی شاری بەغدا، بەڵام پاش دوو پێشووتر توانای ئەوەی نابێت، بۆیە دەبێ خۆی بێدەنگ بکات). لەم ڕووەوە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ٢٩ی٦ی٢٠٢٠ عەباس موسەوی گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاندا کە (دەستگیر کردنی کەسانی سەربە حزبوڵڵای عێراق لە لایەن دەسەڵاتی عێراق، مژارێکی ناوخۆی عێراقە و ئێران دەستوەردان لە کاروباری عێراقدا ناکات). سەرەڕای هەموو ئەمانە ئێستاکە عێراق لە گفتوگۆیەکی ستراتیجی و چارەنووسسازایە لەگەڵ ئەمریکا دەربارەی مانەوەی هێزی ئەمریکا لە عێراق و هاوکاری و هەماهەنگی و بەربەرەکانێ کردنی تیرۆر و هەژموونی ئێران لە عێراق و هەژموونی میلیشیا و دارودەستەکانی ئێران لە عێراقدا و ... شتی دیکەش؟!.

بەم شێوەیە و لەم سەروبەندەدا دۆخی ئێستا (ئەمڕۆ)ی عێراق لەڕووی سیاسی و ئابووری و ئارامییەوە لە هەڵچوون شڵەژانێکی بێ وێنەدایە، لە لایەکی دیکەوە نرخی نەوت زۆر نزمترە لەو نرخەی کە بۆ میزانییەی ساڵی ٢٠٢٠ مەزندە کراوە و کورتهێنانی میزانییەی خەملێنراو و نەبوونی پارەی بتوانێت کێشە و بەرژەوەندییەکانی لایەنەکان لە چوارچێوەی عێراقێکی دۆست و بێلایەنەدا چارەسەر بکات، ئەگەرچی خۆی ئارەزوومەند و خوازیاری ئەوەش بێت.

لەو بارووپەردا نیم کە مستەفا کازمی بتوانێ تەنانەت هەندێکیش لە کێشە و قەیرانەکان چارەسەر بکات. کەچی هەندێك لایەن و کەسی سیخوڕ و گومانلێکراو هەن کە بانگەشەش بۆ ئەوە دەکەن گوایە قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵوەشێتەوە و حکوومەتی بەغدا فریادڕەسە (عەسای سحری پێیە) و چارەسەری هەموو کێشە و قەیرانەکانە!!. لێرە من بەو لایەن و کەسە سیخوڕ و کاڵفامانە دەڵێم (ئەگەر کەچەڵ حەکیم بوایە چارەیەکی سەری خۆی دەکرد) سیخوڕ و کاڵفامێکی وەکو ئێوە دەستتان بە پێکهێنانی قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە نەسووتاوە و ئەو مافەتان نییە شەکرێکی ئاوا بخۆن. قەوارەی هەرێمی کوردستان دەرەنجامی خەباتی نەبساوەی سەدساڵی ڕابردووی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستانە و سەدان هەزار پێشمەرگە و کەسانی سڤیل بەخوێن گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئێوەی سیخوڕ و خاکفرۆش بۆتان نییە تەنانەت باسی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن.

بۆیە با ئێمە (نیشتمانپەروەران) ئەوانەی خوێنیان بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان بەخشیوە با بەدەستی خۆمان پشتی خۆمان بخوێنین و خۆمان کێشەکانی خۆمان لە ناوخۆمان چارەسەر بکەین تا ئەو کاتەی دەرفەت دەبێ ئینجا بەیەك دەنگ و یەك ڕەنگ ڕوو یەك هەڵوێست داوا لە بەغدا بکەین و لەسەر بنەمای ماف و دەستوور کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین.



قەیس خەزعەلی بەرپرسی میلیشیای عەسائیب ئەهلی حەق لە لێدوانێکدا مستەفا کازمی ئاگادار کردەوە کە (حکوومەتەکەی حکوومەتێکی کاتیە و بۆی نییە تەدەخولی هەندێك بابەت بکات وەکو بڕدومانکردنی هێزە ئەمریکییەکان، ئەمکارە لەحکوومەتەکەی گەورەترە و ئەگەر هەوڵی ئەوەش بدات، وەکو ئەوانی پێشووتر توانای ئەوەی نابێت، بۆیە دەبێ خۆی بێدەنگ بکات).

کاروانی جوڵاندی هێز لە لایەن میلیشاکانی حزب وڵڵای عێراق بەنێو شەقامەکانی شاری بەغدا لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٢٦/٦/٢٠٢٠

کاتژمێر کتوپڕ ئەم هێوە کشانەوە نێو بارەگاکانی خۆیان؟!. هاوکات ئەبوعەلی عەسکەری بەرپرسی ئەمینی حزبوڵڵای عێراق دیسان هەڕەشەی لە مستەفا کازمی کردەوە و گوتی: «ئێمە بۆی لە بۆسەداین».

هەروەها ڕۆژی شەممەی ڕابردوو قەیس خەزعەلی بەرپرسی میلیشیای عەسائیب ئەهلی حەق لە لێدوانێکدا مستەفا کازمی ئاگادار کردەوە کە (حکوومەتەکەی حکوومەتێکی کاتیە و بۆی نییە تەدەخولی هەندێك بابەت بکات وەکو بڕدومانکردنی هێزە ئەمریکییەکان، ئەمکارە لەحکوومەتەکەی گەورەترە و ئەگەر هەوڵی ئەوەش بدات، وەکو ئەوانی پێشووتر توانای ئەوەی نابێت، بۆیە دەبێ خۆی بێدەنگ بکات).

کازمی و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان



د. مەیادە نەجار

مستەفا کازمی لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە، ئەوەی خستەڕوو کەدەیەوێت گۆڕانکاری سەرەکی بکات و نابێتە بەشێك لەسیاسەتی حکومەتەکانی پێشخۆی ئەمەش بەتەواوەتی نامەیەك بوو بۆ بەشێکی زۆر لەسەرکردە شیعەکان. ئێستاش کازمی خۆی لەناو چەند سیناریۆیەك دا دەبینیتەوە.

ئۆپەراسیۆنێکی جیاواز

شەوی بیست و شەشی حوزەیران کاتێك زۆربەی دانیشتوانی بەغدا لەخەودابوون، ئەوەندەیان زانی هیزەکانی دژە تیرۆر گەمارۆی بارەگایەکی حزبوڵڵای عیراقیان داوە تەواوی ئەندامانی نێو بارەگاکەشیان دەستگیردووە کە ژمارەیان ١٤ کەس دەبێت دەست بەسەر چەندین جۆری چەکی جیاواز لە چەکی قورس و سووك و دوو سەکۆی هەڵدانی موشەکیشدا گیراوە، بەتایبەتی، ئەمە بێجگە لەو هەنگاوانەی تری کازمی بانگەشەی بۆ دەکات، هەمووی بەزیانی گروپە چەکدارەکانی نزیك لەئێران کۆتایی دێت، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان و چەککردنی گروپە چەکدارەکان، بۆیە روودانی هەر گرژیی و پەرچەکردارێك چاوەڕوانکراوە و پێناچێت گروپەکان دەستەوەستان بن.

یەکێك لەسیناریۆ دیارەکانی کازمی بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە دارایییەکانی گروپە شیعەکانە، تەواوی دەروازە سنووریییەکانیش لەژێر کۆنترۆڵی گروپە شیعەکاندان، بەمەش داهاتێکی خەیاڵی دەست ئەو گروپانە دەکەوێت، ئامانجی سەرەکی لەم هەنگاوە ئەوەیە کە تەواوی دەروازەکان لەدەست گروپە چەکدارەکان بهێنێتە دەرەوە، بەم هەنگاوەش ئێرانیەکان تووشی گەورەترین زیانی ئابووری دەبن.

گەمارۆکان و ئێران

ئاساییە کازمی بۆ رازیکردنی ئەمریکا، سنوور بەڕووی کەلوپەلی ئیرانیدا دابخات، بەمەش دەتوانێت بەتەواوەتی گەمارۆکان لەسەر ئێران چڕبکرێتەوە، چونکە ئێستا عیراق بۆتە بۆرسەیەك بۆ گواستنەوەی دراوە گران بەهاکانی وەك(دۆلار و یۆرۆ) بۆ ئێران، کازمی دەیەوێت لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانەوە ئەو گورزە لەئێران بدات، لەکاتێکدا بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە ئێران ڕووبەڕووی فشاری گەورەی ئابووری بۆتەوە ، دوای بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆخەکەیان لە ئێران ئاڵۆزتر کردووە.

سیاسەتی دەرەکی

یەکەم سەردانی فەرمی کابینەکەی مستەفا کازمی بۆ دەرەوەی عێراق، لەڕێگەی عەلی عەلاوی وەزیری دارایییەوە بۆ ولاتانی کەنداو بوو، یەکەمیان بۆ کوەیت و دواتر بۆ سعودیە بوو، لەکاتێکدا ئەم هەنگاوەش لەلایەن ئەمریکاوە پێشوازی لێکراوە، واشنتن دەیەوێت عیراق بگەڕێنێتەوە بۆ نێو جیهانی عەرەبی و کۆتای بەهەژموونی ئیرانیەکان بهێنێت، ئەمە بێجگە لەوەی کازمی بەنیازە بۆ کرینی غازی سروشتی و کارەبا ڕوو لە سعودیە بکات، ئەمە بێجگە لەوەی بەنیازە بەشێکی زۆری کەرتی غازی سروشتی بەتایبەتی (کێڵگەی عوکاز) عیراق ڕادەستی کۆمپانیا سعودیەکان بکات، ئەم هەنگاوەش زیاتر ئیرانیەکان تووڕە دەکات.

هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران

یەکێکی تر لەهەنگاوەکانی ئەمجارە کازمی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی ، هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەمەش کارێکی زۆر قورس و ئەستەمە لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە، بەڵام کازمی ئەوەی نەشاردۆتەوە کەخۆی بۆ هەڵبژاردنی پێش وەخت ئامادە دەکات، لەم حاڵەتەشدا ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێنیتەوە، ڕەنگە کازمی ئەم بژاردەیە بۆیە دەویت بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەم ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی دەستەڵاتی یاسادانان بکات، بەتایبەتی زۆرینە ئەنجوومەنی نوێنەران لەهیزە شیعەکان پێکدێن و ڕێگری لەکارەکانی دەکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران نەماڵە حکومەتێکی بچووکراوە دروست دەکات بەشێوەیەی کاربەڕێکەری فەرمانڕەوایی وڵات دەکات، ئەمەش بابەتێکی زۆر ئەستەمە چونکە عیراق دەخاتە نێو بۆشاییەکی دەستووری و یاساییەوە.

جەنگی ناوخۆیی

لەکۆتایدا هەنگاوەکانی کازمی هەرچۆنێك بێت و چ ئامانجێکی هەبێت کازمیی لەنێوان دوو بژاردەدایە یەکەمیان ئەوەیە لە هەنگاوەکانی بۆ سنوردارکردنی گروپەکان دەستی ئیران بەردەوام بێت، بەڵام ئەمەش ئاسان نیە چونکە عێراق لەژێر نفوزی ئیراندایە و بەشێکی دانیشتوانی عیراق وەلائیان بۆ ئیران لەخودی وڵاتی خۆیان زیاترە، ئەمەش وادەکات جارێکی دیکە عیراق ببێتە گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆی لەم بارەشدا عیراق بەرەو داڕوخان دەروات، یان دەبێت هەوڵبدات ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی تاران و واشنتن بکات،دۆخی عێراق بەهاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکییەکاندا ڕابگرێت، بەڵام ئەمەشیان زۆر ئەستەمە ئێستا چونکە کازمی لەیەکەم دەستپێکی کارەکانیدا خۆی بەهاوسۆزی ئەمریکیەکان نیشان داوە هەوڵەکانی بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی گروپەکانی لایەنگری ئێران چرکردۆتەوە.

قۆناغی دوای قاسم سلەیمانی

ئەوەی زیاتر بۆ کازمی مایەی دڵخۆشیەو ئومێدی سەرکەوتنی لەلای ئەو دروستکدووە ئەوەیە کە ئێستا غیابی قاسم سلێمانی لە شانۆی هەرێمی و بەتایبەت لە عێراقدا بە ڕوونی بەدیەکرێت، بە ئاشکراش هەست بە نەمانی ئەو توانایەی سلێمانی دەکرێت کە لە کپکردنەوەی کێشەکان و چارەسەردا لە بەرژەوەندی تاران بەکاری دەهێنا بەتایبەت لەناو ریزەکانی شیعەدا کە پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ زۆرینەی سەرکردەکاندا هەبوو و بەشێکیشیانی بە بەرژەوەندی و دەسەڵات رازی کردبوو، بەڵام دوای بێدەنگبوونی ئێران و ڕێگەدان بە گەیشتنی مستەفا کازمی بۆ سەر کورسی سەرۆك وەزیران. بە ئاشکرا هەست بە لاوازی پێگەی تاران دەکرێت، بەتایبەتی لەچەند مانگی داهاتوودا گۆرانکاری زۆر گرنگ لە عیراقدا ڕوودەدات چونکە زۆر لەو سەرکردە شیعییانە ئێستا لە دەسەڵاتدان هەوڵی نزیکبوونەوەی زیاتر لە ئەمریکا دەدەن، ئەمەش ڕەهەندێکی نوێ لە سیاسەتی ئەمریکا لەعیراقدا دەردەخات .

لەکۆتایدا کازمی بەرەو قۆناغێك هەنگاوەنێت ئەستەمە سەرکەوتووبێت بەتایبەتی پێدەچێت پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بەرێت لەپێناوی سەرقاڵکردنی حزبە سیاسیەکان بەهەڵبژاردنی پێشوەختەوە ئەمەش ئەوەندەی تر عیراق دەخاتە نێو تونێلێکی تاریکەوە کەدیوی دیارنیە.



ڕووسیا و ئاڵۆگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



خۆشەوی مەلا برایم

ئەرمەنستان پەنجەرەیەک بە ڕووی کەنداوی فارس دەکاتەوە

ئێران و ئەرمەنستان گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێک، کە هێڵێکی ئاسن لە نێوان ئەو دوو وڵاتە دروست بکەن و هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری گورجستانیش بەو هێڵە دەبەستنەوە لە بەرئەنجامدا ئەو هێڵە هەردوو دەریای ڕەش و کەنداوی فارس پێکەوە دەبەستێتەوە. دراژایی 300 کیلۆمەترە و تێچوونیشی بە بڕی 3,2ملیارد $ دەبێت ئەو ڕێگەیە دەتوانێت سالانە 15-18ملیۆن تۆن کەلوپەل بگوازێتەوە. لە داهاتوودا ئەو دەرفەتە لەبەردەم کوردستانیشدا کراوە دەبێت و دەتوانێت، کە ببێتە بەشێک لە هێڵی ئاسنی (دەریای ڕەش - کەنداوی فارس)

دیاردەی تیرۆریزم

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر دوو بنەمای گرینگ جیهادییەکانی هەرێمی فرەنەتەوەیی و جیهادییەکانی ئاستی گلۆبالی دروست بووە، ئەو دەوڵەتە دەیەوێت، کە لە هۆکاری خوارەوە واتە لە هەرێمەکانەوە بۆ سەرەوە بەرەو ڕووبەرێکی فرەوانتر گەشە بکات. ئەو بزوتنەوەیە خوازیارە، کە دەسەڵاتەکانی بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هۆکاری دووەم جیهادی گلۆبالییەکانن، کە لە تۆڕە نیمچە نهێنی و ئاشکرا زیاتر لە 70وڵاتی جیهاندا چالاکن.سەقامگیری هەرێمی قەفقازی ڕووسیای فیدرالْ بۆ ئەو وڵاتە زۆر گرینگە و بە بەهایەکی زۆر گەورەی ئارامی گەڕاوەتەوە ئەو ناوچەیە، بڕێە بە هەموو شێوەیەک ڕووسیا دژی تیرۆریزمە هەر لەو ڕووەوە سرگێ لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دەڵێت کە: شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرژەوەندی ڕووسیا دەخاتە مەترسییەوە بە هەموو شێوەیەک ڕووسیا هەوڵ دەدات، کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی پێبهێندرێن، چونکە بەردەوامی ئەو شەڕانە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا دەخەنە مەترسییەوە.لە ساڵی 2015لەلایەن بەرپرسانی ڕووسیا باسی بەشداری 1700هاوڵاتی ڕووسیا تەنیا لە عێراق دەکرێت، ئێستە بەشداربووان تەنیا لە قەفقازەوە ناچن، بگرە موسڵمانەکانی کەنارەکانی ڕووباری ڤۆلگا و ئۆرالیش لە ڕیزی تۆندڕۆکانی وەکو داعشدان، پسپۆڕی ناوەندی کارنگی ڕووسیا (ئەلکسێ مالاشینکۆ) لەو بڕوایەدایە کە: -ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر هۆکاری بەربەرەکانێکردنی تیرۆریزمدا توانیویانە، کە بینە هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

•پێشبینی گۆڕانکاریە سیاسییەکان کارێکی سەختە هەروەک چۆن کەس چاوەڕێی لەناوچوونی شا و هاتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لەناوچوونی یەکێتیی سۆڤیەت و پەرەسەندنی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و بەهاری عارەبانی نەدەکرد.

- بە مانەوەی بەشار ئەسەد و پشتگیری ڕووسیا، پێگەی ڕووسیا لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر بوو، هەرچەندە ڕووسیا ناتوانێت، کە ڕۆڵی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بگێڕێت، بەڵام توانی، کە هێزی خۆی لە سووریادا بهێڵێتەوە، هەر بۆیە ئێستە میسریش تا ڕادەیەک بڕوای بە ڕووسیا گەڕاوەتەوە

-تیرۆریزم پێگەی ڕژێمەکانی ئاسیای ناوەڕاستی بەهێزکرد، بە بیانووی هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆریزم دەتوانن بە ئاسانی لەسەر حوکم بمێننەوە.

-ڕووسیا بانگێشتی شەڕی داعش ناکەن، بەڵام بە بەشدارنەبوونی سوودمەندیشە، هەرچەندە ئێستە ڕووسیا خۆی ڕاستەوخۆ هاتووەتە نێو شەڕەکەوە، بەو پێیەی ڕووسیا تیرۆر بە هەڕەشەی جدی لەسەر ولاتەکەی دەبینێت.

-خەڵکی ئاسایی ئەورووپایی و ئەمریکایی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماندووبوونە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە.

-خاڵە هاوبەشەکانی نێوان تێهەڵچوونەکانی ڕۆژهەڵاتی باشووری ئۆکرایناو شەڕی داعش ئەوا شەڕی ئۆکرایناو دەتواندرێت، کە کۆتایی پێ بهێندرێت، بەڵام شەڕی داعش بمانەوێ و نەمانەوێت ئاستی کۆتاییەکانی دیار نییە.

-بزوتنەوەی ئیسلامگەرایی لە فۆرمی جۆراوجۆردا پەرەدەستێنێت لایەنێکی بەشێوەی تووندڕۆیی، لایەنێکی دیکەی فۆرمێکی میانڕۆیە، ئەمڕۆ مۆدێلی وەکو چیچانیشمان لەژێر سەرکردایەتی ڕووسیادا هەیە.

-ئیسلامگەرایی تووندڕۆ هەوڵ دەدات، کە لە هەموو جیهان حوکم بکات و دەسەڵاتی خۆی بە تووندی و بە خورتی بسەپێنێت، بڕێە ئەو بیروڕایە لەنێو ملیۆنان موسڵمانان بەهەرمێنە و بەهێزە.

-وڵاتانی ئیسلامی نەیانتوانیوە، کە سیستەمێکی جیاواز و ئابووریەکی جیاواز واتە ئابووری ئیسلامی چی بکەن، بەڵام هەوڵی بەردەوامی بڕ دەدەن.

هەر لە چوارچێوەی ئەو شۆڕشانەدا پرۆفیسیۆر قیتالی ئائومکین سەرۆکی زانکۆی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیا لە پرێس کۆنفرانسێکدا وتی: لەبەر پەرەنەسەندنی دژایەتکردنی ئەمریکا، لەلایەکی دیکەیشەوە گورزوەشاندنەکانی دژی دەوڵەتی ئیسلامی سنووردارن، وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت، کە داعش لەناو ببات. بەکردەنی ڕووبەڕووی هاوپەیمانییەکی لاواز بووەتەوە، بۆیە بارودۆخەکە بەو شێوەیەیە و بۆردومانی فڕۆکەکانیش ناتوانن، کە داعش لەناو ببەن. زۆر بە خاوی هەڵسەنگاندن بۆ بیروبۆچوون و ئامانجەکانی داعش دەکرێت، ئەو بزوتنەوە ڕادیکاڵە دەیەوێت، کە ناوەندی جیهانی ئیسلام مەکە و مەدینە داگیر بکات، لە ڕووسیاش کەسایەتییە ئاینییەکان لەسەر بیروبۆچوون و ڕەفتارەکانی ئەو تووندڕۆیانە بێ ئاگان. پان ڕادیکاڵەکان زۆر بە ئاگایانە کەڵک لە دژایەتی شیعە و سونە وەردەگرن و ئەو ناکۆکییانە دژ هەردووکیان بەکار دەهێنن.بابەتێکی گەرمی میدیاکانی جیهانی هاتنەکایەوەی دراوی تایبەت بە داعشە، کە لە ڕووسیاش ئەو بابەتە باس دەکرێت رادیۆی بی بی سی ڕووسیایی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پسپۆری ئینستیتوتی ڕووسیایی گەیدەری کردووە، کە دەڵێت: هەر هێزێک ئەگەر ڕووبەرێکی دیارکراو لەگەڵ دانیشتوانی دیارکراوی هەبێت دەتوانیت، کە پارەی خۆی هەبێت و هەموو بانکەکانی ناوەندی بەو شێوەیە کاردەکەن، هێنانەکایەوەی پارەی تایبەت کارێکی ئاسانە بە مەرجێک، کە زیادە لە ڕادە پارە لە چاپ نەدرێت و ئەو پارەیە بتوانێت، کە ببێتە جێگەی متمانەی خەڵک، بەڵام بە پێچەوانەوە هەروەکو لە زیمبابوێ، کە بە شێوەیەکی نائاقلانە پارە لە چاپ درا و بووە هۆی هاتنە کایەوەی...هتد هەڵایسان... لە سەردەمی دەسەڵاتی شۆڕشی چیچانییەکاندا کۆمپانیایەکی تورکی پارەیان بۆ لەچاپدا، بەڵام لەبەر ترسی ڕیسوایی نێودەوڵەتی نەتوانرا، کە لە تورکیاوە ئەو دراوە بگاتە دەستیان، لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆیی لە ڕووسیا لە سەرەتای سالانی بیستەکاندا لە کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چەندان دراوی جۆراوجۆری لە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێمە جۆراوجۆرەکان لەسەر خاکی ڕووسیادا هەبوون. ئەگەر بێتو داعش تەنیا دراوی زێڕ لە چاپ بدات توانای چاپی زیاتری سنووردار دەکرێت، بۆیە ولاتانی جیهان دراوی کاغەز لە چاپ دەدەن، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانێت، کە بە پشتیوانەی ئەو پارە زێڕانە پارەی کاغەزیش چاپ بکات، بە مەرجێک خودان ڕووبەرێکی دیارکراو و پێکهاتوو لە دانیشتوانی لەژێر دەستدا بێت، گرینگ نییە ئەو هەنگاوە یاسایی بێت یان نایاسایی، ئاڵۆگۆڕی مادە هۆشبەرەکانیش بەنایاسایی ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەو مادانە بازاڕ و نرخی خۆیان هەیە، بۆیە دراوی داعشیش بەهایەکی دیارکراوی دەبێت، ئەگەر لەلایەن ولاتانی دیکەیش دانپێدانراو بێت بەهێزتر دەکەوێت.

لە بەرامبەر کوشتنی سەربازانی ئەمەریکا، ڕووسیا خەڵاتی داوەتە چەکدارانی تاڵیبان

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمیز- ی ئەمریکی بڵاویکردەوە کە ڕووسیا لە بەرامبەر کوشتنی سەربازانی ئەمریکا و سەربازانی دیکەی پەیمانی ناتۆ لە ئەفغانستان، خەڵاتی داوەتە چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان.

ڕۆژنامەی ناوبراو لە ڕاپۆرتێکدا لە بەرپرسانی هەواڵگریی ئەمریکا کە لەو پرسە ئاگادران گواستووەتەوە "ئەمریکا بەر لە مانگێک ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە یەکەکانی هەواڵگریی سەربازی ڕووسیا ، تێوەکڵاوەن لە هەوڵەکانی تیرۆرکردن و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی نهێنی لە ئەورووپا بە تامانجی شڵەژانی سەقامگیری ڕۆژئاوا، جگە لەوەیش ساڵی ڕابردوو بۆ ئەنجامدانی هێرشی چەکداری لە ئەفغانستان، کوشتنی سەربازانی ئەمریکا و سەربازانی دیکەی پەیمانی ناتۆ لە ئەفغانستان بە نهێنی خەڵاتیان داوەتە چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان".

ئەو بەرپرسانەی هەواڵگریی ئەمریکا کە ناویان ئاشکرا نەکردووە باسیان لەوەیش کردووە"تونددڕەوە ئیسلامییەکان یان ئەو گرووپە چەکدارانەی کە پێکەوە پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، گومان دەکرێت، پارە و خەڵاتەکانیان لە ڕووسیا ، وەرگرتبێت ".ئاشکراشیان کردووە لە 2019دا لە ئەفغانستان 20ئەمریکی کوژراون، بەڵام شێوەی کوشتنەکانیان ڕوون نەکراوەتەوە.ئەو بەرپرسانە ئاماژەیان بەوەیش داوە دوای ئەوەی ئەنجامی هەواڵگرییەکانی ئەمریکا لەو بارەیەوە پێشکەش بە سەرۆک دۆنالد ترەمپ کرا، لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی و ئاژانسەکانی هەواڵگریی لە کۆتاییەکانی ئاداری ڕابردوودا، بە وردی تاوتوێ کران.بە گوتەی ئەو بەرپرسانەی هەواڵگریی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەک بژاردە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە ئامادەکراون، بەڵام هێشتا کۆشکی سپی ڕێگای نەداوە هیچ هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو بژاردانە بنرێت.ئەو بەرپرسانە ڕایانگەیاندووە کە لە میانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەکدارە دەستگیرکراوەکانی تاڵیباندا، زانیاریان لەسەر ئەو پرسە بە دەست گەیشتووە.



ساڵی 1930:
حکومەتی بەریتانیا پەیماننامەی سەربەخۆبوونی عێراقی لەگەڵ حکومەتی شا فەیسەلی یەکەم واژۆ کرد.



ساڵی 1968:
لە ژنێف، 60 وڵات سەبارەت بە دانانی سنووردێک بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم ڕێک کەوتن.



ساڵی 1990:
ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە فەرمی ئابووری خۆیان یەک خستەوە.



ساڵی 1994:
دوای 27ساڵ ، یاسر عەرەفات گەڕایەوە کەرتی غەزە.



ساڵی 1997:
شانشینی یەکگرتوو کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆی هێنا لە هۆنگ کۆنگ .



ساڵی 2013:
کرواتیا بووە ئەندامی ژمارە 28لە یەکێتی ئەورووپا .



لە شاخڕەوەکان فێربن چۆن گەشت بکەن، چۆن ژینگە بپارێزن

نادر روستی

شاخڕەوی سەردەرای ئەوەی کە جۆرێکی گەشتیاریە، جۆرێکی وەرزشە و جۆرێکی ژینگەپارێزیە، هەروەها جۆرێکە لە گەشتیاری خۆشی و کاتبەسەربردن، هەندێکجاریش تێکەڵ بە گەشتیاری سەرکێشی و گەشتیاری زستانە و گەشتیاری شاخەوانی دەبێت. کۆبوونەوەی ژمارەیەک جۆری گەشتیاریی لە جۆرێکی گەشتیاریی، خۆی لە خۆیدا گرنگی ئەو جۆرە گەشتیاریە بەدەردەخات. شاخڕەوی بۆکەرتی گەشتیاریی گرنگە، چونکە تیمەکانی شاخڕەوی بەردەوام بە دوای شوێنی سروشت جوان و ناوازە دەگەڕێن و گەشتی بۆ دەکەن، بۆیە زۆرجار گەشت بۆ وڵاتی دەرەوەش دەکەن و بە دوای شوێنی نوێ دەگەڕێن.

شاخڕەوی لە هەمانکاتدا وەرزشێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و بەهێزکردنی لەش و راهاتن لە رۆیشتن بۆ ماوەیەکی درێژ و بەرگەگرتن لەبەرامبەر هەندێک سەختی و گرانی ژیان. شاخڕەوی جگە لەمانە، ئارامی بەخشە بۆ دەروون و چارەسەرە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشیە سەخت و درێژخایەنەکان، ئاشنابوونە بە سروشتی جوان و شارەزابوونە لە بەشەکانی وڵات و هەڵکەوتەی جوگرافی نیشتمان، بەهێزکردنی ئینتمایە بۆ سروشت و خاک و بەهێزبوونە بۆ گیانی هاوڕێیەتی و کاری هاوبەش و کاری بە تیم و گروپ. سوودەکانی هێندە زۆرن رەنگە بە ئاسانی بە نووسینک کۆتایی نایەت. لە هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوای ژمارەیەکی زۆر تیم و گروپ و رێکخراو و فیدرایسۆن بۆ ئەم جۆرەی گەشتیاری و وەرزشییە دروست بوون و لە گەشە و فراوان بوون دان.

سەرەڕایی ئەو سوود و باشییانەی گەشتیاریی شاخڕەوی، لە هەمووی گرنگتر هەستی ژینگەپارێزیە، بەرزترین ڕەوشتی شاخڕەوکانە، ئەوان نەک پاشماوە و زبڵ فرێنادەن بۆ ناو سرووشت و ژینگە پیس ناکەن، بەڵکو زۆرجاریش هەڵمەتی پاککردنەوەی ئەو شوێنانە دەکەن کە گەشتی بۆ دەکەن و لە لایەن کەسانی ترەوە پیس کراوە. ئەوان ئەو شوێنانەش دەناسێنن کە گەشتی بۆ دەکەن، واتە هۆکارێکی کرنگن بۆ بە بازارکردنی گەشتیاریی شاخەوانی و جۆرەکانی تر، ئەوان دەتوانن تیمی شاخەوانی وڵاتان لە ریزگای چالاکی و کارەکانیان بانگهێشتی هەرێمی کوردستان بکەن.

لە تونی بابا، تاقگەیەکی بەرز دۆزرایەوە



تونی بابا عەمرە لە سەر ڕووباری سیروان لە نزیک ڕێگای نێوان کەڵار و دەربەندیخان هەڵکەوتوە، بە دووری 5کم دەکەوێتە بەشی باشووری قەزای دەربەندیخان، (تونی بابا)، لە شێوەی تونێل و زنجیرە زورگی پێچاوپێچی تێکهەڵکشاو پێکهاتەوە.

لە هەندێک شوێن ئاوی هەیە و لە هەندێک ڕێڕەویش وشکانییە، شوێنێکی مەترسیدارە، بۆیە چەندین چیرۆک و ئەفسانەی لای خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە، دەڵێن: (هەرکەسێک چوبێتە ناو ئەو تونێلە پێچاوپێچەی گرد و تەپۆلکانە نەگەڕاوەتەوە و ونبووە). بۆیە ترسێکی لای دانیشتوانی ناوچەکە دروستکردووە و کەم کەس هەیە بوێرێت قوڵای زنجیرە پێچاوپێچەکان لە تونی بابا ببڕێت، ئەگەرچی تائێستا چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەو تونە نەزاندراوە و کەسێک نەبووە دروست مەتەڵی ونبوونی ئەو کەسانە بزانێت و تائێستاش لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر ونبوونی کەسەکان نەکراوە، بەڵام وەک ئەفسانەیەک لە دەماودەم لە باپیرانیان لە سەر (تونی بابا)گێڕاویانەتەوە.

لەبەر ئاڵۆزی و زۆری پێچاوپێچ و ڕێڕەوکانی لە ناوچەکە پێی دەڵێن(هەزار و یەک دەر)، کە پێدەچێ لەو ڕێڕەوانە ژمارەیەکیان داخراو بن و تەنانەت لە چەند شوێنێکدا ڕووناکی نییە و ئاسمانیش دیار نامێنن، هەندێکیشیان خاڵی کۆتایان نییە و تا چاو بڕ دەکات ڕێڕەوە، بەمەش کاتێک کەسێک دەچێتە ناو زنجیرە داڵان، بەهۆی زۆری ڕێڕەوەکان و شێوەی لێک چوویان، ڕێگای هاتنە دەرەوە ون دەکات و سەری لێدەشێوێت. هاوڵاتی مقداد سەید نەجم لەگەڵ چەند هاوڕێکی گەشتێکی سەرکێشی بۆناو یەکێک لە داڵانەکان دەکەن و بە ڕۆژ بە ناو شوێنی تاریک و زۆر تەسک ڕەت دەبن و تا کۆتایی دەڕۆن، دواجار دەگەن بە تاقگەیەکی بەرزی ئاو کە لە شێوەی سولاو دەچێت.

لە ڕووی گەشتیاری ئەم جۆرە گەشت و گەڕانە دەبن بە سەرکێشی. بەڵام پێویستە وەک تیم بە شێوەی زانستی گەستی بۆ بکرێ، تا گیانی هەموومان سەلامەت بێت. ئەوروپیەکان زۆر ئارزووی ئەم جۆرە شوێنانە دەکەن.



گۆمی بێکۆدیان بۆتە قیبلەی شاخەوانان

گۆمی بێکۆدیان بەرزترین و جوانترین گۆمە لە کوردستان و عێراق. ناوی (گۆمی بێکۆدیان) لە ناوی بنەماڵەی بێکۆدیان لە ناحیەی سەرکەپکانی سەربەقەزایی ڕانیەوە هاتووە کە پێشتر وەک هەوارنشینی هاوینان بۆ لەواڕاندنی ئاژەڵەکانیان چونەتە سەر ئەم گۆمە.

گۆمی بێکۆدیان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر لە سنووری بنەکایەتی لە قەزای چۆمان لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە سەر چیای حەساری سەکران، دەکەوێتە نێوان هەردوو لوتکەی پڕخێڵەند و قەرەد، ئەو گۆمە (3198 (مەتر لە ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە و بەدرێژای ساڵ بەفری لێدەمێنیتەوە، لە ئێستا دا هەندێک لە هاوڵاتیان گەشتی بۆدەکەن. شاخەوانەکانیش لە گەشتی گرووپ گرووپ سەردانی دەکەن، لە ڕێگای ناوچەی (پڕژە)ی بنەکایەتی نزیکەی 8 بۆ 10کانژمێر بە پیادە بەناو لوتکە چیا و دێەنی سیحراوی و هاژەی تاقگە بەفراویەکان دەگەیتە گۆمی بێکۆدیان. لە گەرمەی هاوین پلەی گەرمی لە ناوچەکە 10بۆ 15پلەی سیلیزی تێپەڕ ناکات، تا کۆتایی مانگی هاوین بەفری لێ نابڕێت، کەوتۆتە زۆنی ناشنالپارکی هەڵگورد- سەکران. گەشتیاران شەوێک لەو شوێنە دەمێننەوە و هەندێکیشیان لەناو بەفری بێکۆدیان مەلەوانی دەکەن و هیلاکی و نەخۆشی لەوێ فرێ دەدەن. لەم دوو هەفتەیە ژمارەیەکی زۆر شاخەوان لە گەڵ گرۆپەکانیان گەشتی پر لە خۆشیان بۆ گۆمیی بیکۆدیان کرد و شەو بەدیار دێمەنە ناوازەکان و سەرما مانەوە، سەرما لە شەوان نزیک دەبێتەوە لە پلەی سفر. لەم دوو هەفتەیە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت پڕ بوون لە وێنە و ڤیدۆی نایابەی ئەو جۆرە گەشتانە. سێ ساڵێک دەبێت کە شاخەوانەکان جوانی ناوچەکەیان کردۆتە قیبلەی گەشتەکانیان.

ئا: لاپەڕەی گەشتوگوزار
وێنە: محەمەد مراد ئاکێیی

ئەم شوێنە بێ بەرامبەر بۆ گەشتیاران تەرخانکراوە، گەشتیارانیش تێکیان داوە



لەقەزای ماوەت لەناو سروشتە دڵڕفێنەکەی کانی هەنجیرە ڕەشەکە، لە لایەن هاوڵاتیانی ماوەت شوێنی پشوودان کە پێکهاتووە لە کەپر و هەندێ لەپێدوایستی لەو جێگایە بۆ میوان و گەشتیار ئامادەکراوە، تەنانەت مەنجەل و کتری و قۆری، ساج، پیداویستی نووستن دابین کراون، هەر کەسێک بچێیت شەو بمێنێتەوە، دەتوانێ سوود لە کەلوپەلەکان و کەپرەکان وەربگرێت، بەڵام بەداخەوە کە چەند کەسێکی نابەرپرس، لە پاداشتی خەڵکی ماوەت، شوێنەکە پڕ لە زبل و پیسای و خاشاک جێهەدەهێڵن، ئەمەش بۆتە جێگای نیگەرانی دانیشتوانی ناوچەکە.

* زانیاری و وێنە لە کاک ئیدریس وەلی شاخەوان وەرگیراون



زەورا

لەبەر کۆچی ئەحمەد رازی ئاهەنگ ناگێڕێت

یانەی زەورای عێراقی پێدەنێتە 51 ساڵەی دامەزراندنی، بەڵام ئەو یانەیە رەتی دەکاتەوە هیچ ئاهەنگ و ڕێورەسمێک ڕێکبخات.

دەستەی کارگێڕی یانەی زەورا بڕیاریاندا کە ئەمساڵ لەسالیادی یانەکەیان هیچ ڕێوردەسمێک بەڕێوەنەبەن ئەویش وەک ڕێزێک بۆ کۆچی دوایی ئەحمەد رازی ئەستێرەی پێشووی یانەکە و کاپتن عەلی هادی کە بەهۆی تووشبوونی بەقایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.



هەڵگری یەکەم ماستەری نێودەوڵەتی سریلانکا لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

ساچین راناسینگ: شانازی بەخۆم دەکەم وەک کچێک خەونی لەمێژینەی وڵاتەکەم بەدیهێنا



دیمانە: هاوار مورتکەیی

ساچین راناسیمگ Sachini Ranasinghe ئەو خانمە شەترەنجزانەی سریلانکایە کە توانی زوو خەونی هەوادارانی شەترەنجی وڵاتەکەی بەدی بهێنێت، ئەویش وەک یەکەم شەترەنجزانی ئافرەتی سریلانکا توانی بڕوانامەی ماستەری نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، ئەگەرچی لە وڵاتی ئیمارات لەدایک بووە، بەڵام ئەو لە وڵاتی سریلانکا دەژی و هەر لەوێش خوێندنی لەبواری دەرهێنانی فیلم تەواو دەکات.

بەشداری چەندین پاڵەوانێتی جیهانی و نێودەوڵەتی دەکات، لەدیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باس لە خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو یاریبە و دەسکەوتەکانی دەکات.

وەک بچووکترین بەشداربوو

ساچین کە لە ساڵی 1994لە ئەبوزەبی لە ئیمارات لەدایک بووە لەبارەی سەرەتای ئاشنابوونی بەشەترەنج دەڵێت: لەتەمەنی 4ساڵیدا کاتێک دەمبینی برایەکەم یاری شەترەنجی دەکرد، حەزم چووە گرتنی بەردەکاتی شەترەنج، لام زۆر جوان و سەرنج راکێش بوو، ئیدی لەدوای ئەوەوەش فێربووم چۆن ئەو بەردانە بجولێنم، لەبیرمە کاتێک فێری یاری بووم برایەکەم بەشداری پاڵەوانێتییەکی ناوخۆیی پێکردم بۆ خوار 10ساڵان کە ئەوکات من 4 ساڵان بووم، دواتر لە ساڵی 2003بەشداری پاڵەوانێتی لاوانی ئاسیام کرد و منیش بچووکترین یاریزان بووم کە بەشداریم کرد، کە تەمەنم 9ساڵ بوو.



خەونی گەورەتری

دواتر ساچینای سریلانکی کە خاوەنی ڕەیتینگی 1752ی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجە گوتی: لەساڵی 2011بەشداری پاڵەوانێتی ئاسیام کرد و بۆ ساڵی دواتریش بەشداری پاڵەوانێتی جامی حیهانیم کرد، لەو پاڵەوانێتییەدا توانیم خەونی لەمێژینەی سریلانکاییەکان بەدی بهێنم کە دەمیک بوو خەونیان بەوەوە دەبینی ئافرەتێک لە وڵاتەکەیان هەڵگری بڕوانامەی WIM ماستەری نێودەوڵەتی بێت، ئێستاش من هەڵگری ئەو بڕوانامەیەمە، بەڵام لێرەوە ناوەستم و ئەگەرچی چەدین ساڵ لەسەر یەکتر بوومەت پاڵەوانی سریلانکا، دەمەوێ دەسکەوتی زیاتر بەدەستبهێنم، چونکە بەچاوی ژیان سەیری ئەم وەرزشە دەکەم، و زۆر لەگەڵیدا بەختەوەرم.





لەگەڵ شەترەنجدا زۆر بەختەوەرم بۆیە لەگەڵیدا بەردەوام دەبم

بەرشلۆنە بیر لە گۆڕینی راهێنەر دەکاتەوە

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە ئێستاوە و لە ئەگەری بەدەستنەهێنانی خولی ئیسپانیا بیر لە گۆڕینی راهێنەری یانەکە دەکاتەوە.

ڕۆژنامەی ((ESPNی جیهانی بڵاوی کردۆتەوە کە داهاتووی کیکی سیتینی راهێنەری بلۆگرانا پەیوەندە بە داهاتووی ئەو یارییانەی لە خولی ئیسپانی ماوە، لە ئەگەری بەدەسی نەهێنانی خولی ئیسپانی لەلایەن بەرشلۆنەوە ئەوا ئیدارەی ئەو یانەیە ئەو راهێنەرە دەگۆڕێت.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشداوە لە ئەگەری دەستبەرداربوون لە سیتین یانەکە بۆ یاریەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا پشت بە راهێنەری لاوانی یانەکە (گارسیا بیمینتا) دەبەستێت و بە شێوەی کاتی دەیکاتە جێگرەوەی راهینەری ئێستای یانەکە.



ڤالێنسیا راهێنەری یانەکەی دوورخستەوە

یانەی ڤالێنسیا بە فەرمی ئەلبێرت سیلادیسی بەهۆی ئەنجامی خراپی یانەکە، لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی دوور خستەوە.

سیلادیس کە مانگی 9ی ساڵی ٢٠١٩ ئەرکی یانە ئیسپانییەکەی پێ سپێردرابوو، لە یارییەکانی خول و لە چامپیۆنسلیگیش نەیتوانی ڕەزامەندی تەواوەتی یانەی ڤالێنسیا بە دەست بهێنێت.

لە قۆناغی 16ی چامپیۆنزلیگ لە کۆی هەردوو یاری چوون و گەڕانەوە بە ئەنجامی 4-8لەسەر دەستی ئەتەلانتا کرانە دەرەوە. لە کۆتا 13یاری لالیگاش، تەنها دوو بردنەوەیان تۆمار کردووە. بۆ شوێنگرتنەوەی سیلادیس، وابڕیارە ڤۆڤۆی یاردەری ناوبراو تا کۆتایی وەرز پۆستەکە بەڕێوە ببات.

شایەنی بیرهێنانەوەیە ڤالێنسیا لەوەتەی دوورخستنەوەی ئونای ئێمری لە ساڵی ?2011تا ئێستا 12ڕاهێنەریان گۆڕیوە.



ئەڵمانیا بۆ ئەرژەنتین: گەر مێسی-تان ناوێ ئێمە دەمانەوێ

لۆتەر ماتیۆسی ئەفسانەی ئەڵمانی پەیامێکی بۆ خەڵکی ئەرژەنتین هەیە سەبارەت بەو ڕەخنە و چاوەڕوانیانەی لە لیۆنێل مێسی کاپتن و ئەستێرەی یەکەمی هەڵبژاردەکەیان هەیانە سەبارەت بە نەبردنەوەی هیچ نازناوێک.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی La Nacionی ئەرژەنتینی، ماتیۆس بە دەربڕینێکی گاڵتە ئامێزانەوە گوتی: ئەمە شتێکی باوەڕ پێنەکراوە، ئێوەی خەڵکی ئەرژەنتین حەز بە مێسی ناکەن، ئەوا دەتوانێت بێت بۆ ئەڵمانیا و ئێمە بە باوەشی کراوەوە چاوەڕێی دەکەین و پاسەپۆرتیشی دەدەینێ، من ناتوانم لەمە تێبگەم. ئەمە هەر هەمان ئەو مشتومڕەیە ئایا مارادۆنا و مێسی کامیان باشترە، ئەرژەنتینەکان خۆشبەختن کە خاوەنی ئەم دوو یاریزانەن، کەچی شەڕیانە لەسەر ئەوەی کامیان لەویتر باشترە؟ ئەوان خاوەنی دوو لە باشترینەکانی مێژوون.

ڕەخنەکانی خەڵکی ئەرژەنتین دوای ساڵانێک دێت لە چاوەڕوانی و هیوا بە بردنەوەی نازناوێک کە لەوەتەی 1993لێی بێ بەشن، لە بەرامبەردا دوای دەرکەوتن و دڕەوشانەوەی لیۆی خاوەنی شەش بالۆن دۆر، تا ئێستا توانیویەتی 34 نازناوی ناوخۆیی و کیشوەری و جیهانی لەگەڵ بەرشلۆنە بە دەست بهێنێت، لەگەڵ تانگۆشدا چوار جار لە یاریی کۆتایی خۆی بینیوەتەوە و بەبێ بردنەوەی نازناوەکە مالئاوایی کردووە.



بەفەرمی ئارسەر بووبە بیانکۆنێری

یانەی یۆڤانتۆس لە بەیاننامەیەکدا هێنانی ئارسەر میللۆی بەرازیلی بۆ یانەکەیان راگەیاند و ناوەرۆکی گرێبەستەکەشی ئاشکرا کرد.
یۆڤانتۆس لە پێگەی فەرمی خۆی بڵاویان کردەوە: ''لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە گەیشتینە رێککەوتن و ئارسەر میللۆ بە 72ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە یانەی خانمەپیرەکە دەکات لە ئەگەری بردنەوەی نازناوەکان یانەی یوڤی پێویستە 10ملیۆن یۆرۆی دیکە بداتە بەرشلۆنە .''
ئارسەر میللۆی ناوەراستکاری بەرازیلی تاکۆتایی ئەم وەرزە لە بەرشلۆنە دەمێنێتەوە و پاشان رووەکاتە یوڤانتۆس. ماوەی بۆندەکەشی بۆ 5 ساڵە.
بە گوێرەی رۆژنامەی مارکا، لە برگەیەکی گرێبەستەکەی ئارسەر میللۆ دا هاتووە هەر کاتێک ئەو یاریزانە تووشی پێکانێکی قورس بێت گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێتەوە.
ئارسەر میللۆ لە 2018لە یانەی گرێوێ بەرازیلی رووبکردە بارسێلۆنا و بەشداریی لە 72یاری کردووە و 4گۆڵ و 6ئاسیستی کردووە.



زاخۆ لەگەڵ ئەحمەد سەڵاح رێکدەکەوێت

یانەی زاخۆ لەپێناو بەهێزکردنی تیپی خولی عێراقی و گەڕانەوەی بۆ رکەبەرایەتی یانەکانی عێراق، بۆند لەگەڵ ئەحمەد سەلاحی راهێنەر واژوەدەکات.
دوای ئەوەی عەلی هادی راهێنەری یانەکە بەهۆی کۆرۆناوە گیانی سپارد، یانەی زاخۆ بۆندی لەگەڵ راهێنەری لاو و یاریزانی دیاری پێشووی عێراق ئەحمەد سەلاح واژووکرد، تەها زاخولی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندووە: ئیدارەی یانەی زاخۆ بەتەواوی لەگەڵ ئەحمەد سەلاح بۆڕاهێنەرایەتی کردنی تیپی یەکەمی یانەکە گەیشتۆتە رێککەوتن و ئەو راهێنەرە بۆ وەرزی داهاتوو راهینەری یانەی زاخۆ دەبێت.
سەلاح دوای وازهێنانی لە یاریکردن رووی کردە جیهانی راهێنەرایەتی کردن و لە چەندین یانە وەک یاریدەدەری راهێنەر کاریکردووە، لە دوا وێستگەش یاریدەدەری راهێنەری یانەی شورتەی عێراقی بوو.

راپرسییەک پاریس دەکاتە پاڵەوانی چامپیۆنسلیگ

بەپێی راپرسیەک کە لە فەرەنسا ئەنجامدراوە، بە دەنگی لە سەدا 22ی خەڵکی فەرەنسا یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی ئەمساڵ دەبێتە پاڵەوانی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.
بەپێی راپرسیەک کە کەناڵی((RTLی فەرەنسی بڵاوی کردۆتەوە، لە ئەنجامی راپرسیەکە زۆرینەی خەڵکی فەرەنسا، پاریس سانجێرمان وەک براوەی چامپیۆنسلیگ دیاری دەکەن. لەدوای یانە فەرەنسییەکە یانەی ریاڵ مەدرید بەدەنگی لەسەدا 20 و بەرشلۆنە لە سەدا 13و بایرن میونشنی ئەڵمانیش لە سەدا 9ی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە.
شایەنی بیر هێنانەوەیە یانەی پاریس سانجێرمان دوای ئەوەی لە بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی بردەوە، توانی بۆ قۆناغی هەشتی پاڵەوانێتیەکە سەربکەوێت و هەنگاوێک لە بەدەست هێنانی چامپیۆنسلیگ نزیک ببێتەوە.

پیانیچ تا 2024بوو بە کەتەلۆنی

میرالیم پیانیچ ناوەڕاستکاری بۆسنیایی و یاریزانی یانەی یۆڤانتۆس گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە واژۆ کرد و بە فەرمی بووە یاریزانە ئەو یانەیە.
مالپەڕی فەرمی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا بڵاویکردەوە دوای ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکیەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، میرالیم پیانیچ گرێبەستەکەی بۆ ماوەی چوار وەرز بەرامبەر 60ملیۆن و ٥ ملیۆن یۆرۆی زیادە، واژۆکرد.
پیانیچ دوای کۆتایی هاتنی وەرزی ئەمساڵی سێریائەی پەیوەندی بە یانە کەتەلۆنییەکە دەکات و تا ئەو کاتە لەگەڵ یۆڤانتۆس بەردەوام دەبێت.





یۆڤی گرێبەستی دوو یاریزانی تازەکردەوە

خەبات: سولێن سلێمان

یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی بڵاویکردۆتەوە کەوا گرێبەستی هەریەک لە جۆرجیۆ کیلینی بەرگریکار و جانلۆیجی بۆفۆنی گۆڵپاریز تا ساڵی 2021گرێبەستەکانیان لەگاڵ خانمە پیرەکە نوێکردەوە ، یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی لە بەیانامەیکدا رایگەیاند کەوا یانەکەو هەروەها بۆفۆن و لویجی لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەیان تا کۆتایی وەرزی داهاتوو گەیشتنە رێکەوتن ، یانەکە لە بەیانامەکەدا ئاماژەی بەوەش داوە کەوا بۆفۆن و لویجی هەردوکیان ئەفسانەی یانەکەن ، کیلینی 35ساڵ لە ساڵی 2005ەوە بە دریسی یۆڤێنتۆسەوە یاری دەکات لەسەرجەم خول پاڵەوانێتیەکان بەشداری لە 509 یارییدا کردووە 36گۆڵیشی بۆ یانەکەی تۆمار کردووە ، هەروەها بۆفۆنی گۆڵپاریزیش لە ساڵی 2001ەوە یاریی بۆ یۆڤێنتۆس دەکات هەرچەندە بۆ ماوە ساڵێک دەچێتە یانەی پاریس سانجێرمان بەڵام دواجار ئەم ساڵ گەرایەوە یانەی خانە پیرەکە.

خەبات XEBAT

لە هاڵ پارێزاو دەبین

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

Wed. 1 Jul. 2020 No.:(5965)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هونەرمەند هەژار فەخرەدین :

لە ڕووی نواندن و تەکنیکەوە دەتواندرێت سوود لە درامەی بیانی وەربگرین و کولتوور و ڕەسەنایەتیی خۆمانیش بپارێزین



- کورد چەندان دەرهێنەری لێهاتوو و بە ئەزموونی هەن کە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون

- پەخشکردنی دراما و فیلمی دۆبلاژکراو بینەری کورد بەلاڕێدا دەبەن





دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین- سلێمانی

هەژار فەخرەدین محەمەد دانیشتووی شاری سلێمانی ، وەکو ئەکتەر بەشداری درامای (بەختە باران) ی کردووە کە پێکهاتووە لە ٨٠ ئەڵقە .،یەکەم ئەزموونی بووە وەکو کاری درامای ڕۆڵی(ئاوا) ی بەرجەستەکردووە.وەك بەڕێزیان لەم دیانەیەدا باسی کاری هونەری بۆخەبات کرد.

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی هونەریت ؟

پێشتر چەندین کاری نواندنم ئەنجامداوە وەکو کاری (ڕێکلامی بارزگانی و کلیپ)٠

- ئاستی دەرهێنەرانی کورد بە بەراورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی؟

بێگومان تا ڕادەیەك جیاوازی هەیە ئەمەش بە واتای ئەوە نا کە دەرهێنەرانی ئێمە باش نەبن ئێمەش وەکو کورد خاوەنی چەندین دەرهێنەری بە ئەزموون و بە توانا و لێهاتوویین کە لە کارەکانیاندا سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەستهێناوە ، ئەو دەرفەتەی بۆ دەرهێنەرانی بیانی ڕەخساوە بۆ دەرهێنەرانی کورد نەڕەخساوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و هتد ...

دەرهێنەرانی کورد تاچەند سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئەوەی شان بەشانی هونەری وڵاتانی دی کاری جوان و پوخت پێشکەش بکەن؟

بە دڵنیاییەوە تا ڕادەیەك سوود لە تەکنەلۆجیا بینراوە، لە ڕووی پێشکەوتنی کوالێتی بەرزی وێنەگرتن و تەکنیکەوە ٠

ئێستا زۆرجاران باس لەلاوازی کارە خۆماڵییەکان دەکرێ، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەقی باش ، یان ئەکتەری باش ، یان ئامێرو تەکنەلۆجیای پێویست ؟

هەموو ئەوانەی کە تۆ باسی لێوە دەکەیت کاریگەرن، بەڵام گرنگترینیان نەبوونی کەرەستەی پێویستە، هەروەها لایەنی ماددیش ئە گەرنا هیچیان کەمتر نییە لە ئەکتەرانی بیانی .

هۆکارچییە کەبینەر لەدرامای کوردی تۆزاوە؟

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی لێوەبکەم وەکو درامای (بەختە باران) هەوڵێکی جدیان داوە بۆ ئاشتکردنەوەی بینەر بۆ درامای کوردی ، ئەویش بە نیشاندانی دیو شاراوەکانی ناو ژیانی کۆمەڵگای کوردی و نیشاندانی ڕاستییەکان .

تاچەند درامای تیجاری یان باشتر بڵێین ئەو فیلمانەی کە لە هەندێك کەناڵ یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردی دەکەن؟

هەم دەرهێنەر هەم ئە کتەر دەتوانێت سوود لەو کارانە وەربگرن بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیان ، لە ڕووی دەق و بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکان ، بێگومان من باسی لایەنە باشەکان دەکەم نەك خراپەکان .

چەند فیلمێك کران واتا چەند زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی، دەنگوی دروستکردو ڕەخنەیان لێگیرا بۆ؟

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیشاندانی هەندێك ڕووداو و شت کە بە کۆمەڵگاو بینەری کورد نامۆن هەر بۆیە دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕەخنە گرتن، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت هیچ کارێکیش نەکەین .

چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی کە لە کەناڵەکان پیشاندەدرێت؟

من بەش بەحاڵی خۆم پەخشکردنی ئەو دراماپانە بە باش نازانم چونکە بە لاڕێدا بردنی کۆمەڵگا و بینەری کوردە، بەڵام لە ڕووی نواندن و تەکنیکەوە دەتوانرێت سوودیان لێ وەر بگیرێت و پشت لە کەلتوور داب و نەریت و ڕەسەنایەتی خۆمان نەکەین .

دەبێت چی بکرێت بە بۆ چوونی تۆ هەتا بینەرو درامای کوردی تا شت بکرێنەوە؟

هەروەکو باسم لێوەکرد دەبێت هەوڵێکی جدی بدەین بۆ دووبارە ڕاکێشانی بینەر بەلای دراماو کاری خۆماڵی نیشاندانی ژیانی واقیعی و دەست خستنە سەر ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵگای خۆمان .

بۆدرامای کوردی زۆر بەرەوپێش ناچێت؟

دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك لەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕووياندواوەو هەروەها لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ، وە هیچ کەس و لایەنێك وەك پێویست دەستی هاوکاری ڕاناکێشن و دەستت بگرن لە ڕووی مادییەوە تا وەکو پێویستی خۆتی پێ پربکەیتەوە.

دواپرۆژەو کاری هونەریت چییە؟

لە ئێستادا هیچ کارێکم بە دەستەوە نییە، پشت بە خوا بەردەوام دەبم تا وەکو بتوانم خزمەتی زیاتر بە هونەری کوردی بکەم .



گەرمیان...دروست کردنی بەرهەمە قوڕپەکان بەدەست و پەنجەی خانمێکی گەرمیانی

سلێمانی - ناسیح عەلی خەیات: (جەهان) خان خانمێکی گەرمیانیە و خەڵکی گوندی)خوێڵینە(پاشماوەی ئەنفالە چەند کەسێك لەبنەماڵەکەی ئەنفالە ئێستا لە گوندەکەی سەرقاڵی دروست کردنی تەنور و مقاڵی دروست کردنە بە قوڕە بەپیتەکەی گوندەکەیان بژێوی خۆی و خانەوادەکەی بەم کارە دابین دەکات، ئەم خانمەبەخەباتی گوت: کارکردن تەنها وەرە وغیرەتی دەوێت نەك سەرمایەیی زۆر هەمو مرۆڤێك دەتوانێت بژێوی خۆی و خانەوادەکەی دابین بکات ئەگەر ئیرادەی هەبێت.



ڕەجا جەداوی لە مەرگ گەڕایەوە

تووشبوونی هونەرمەندی ناوداری میسری ڕەجا جەداوی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێوەندی هونەری نیگەران کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی میدیاکان هەواڵی کۆچ کردنی یەکجارەکیان ڕاگەیاند، بەڵام کچەکەی جەداوی هاتە سەر خەت و لە واڵی تایبەتی خۆی ئەو ڕیوپاگەندانەی بە درۆ خستەوەو دووپاتیکردەوە کە دایکی دۆخی جێگیرەو هۆشی لە دەست نەداوە، ئێستا لەژێرچاودێری چڕ دایە، داواشی لە هەوادارانی دایکی کرد، لە جیاتی ڕیوپاگەندە با نزای خێری بۆ بکەن باشترە.

سەرچاوە: زەهرە الخلیج

چاوەڕوان دەکرا لە ساڵی 2100دا تۆمار بکرێت، 80 ساڵ پێش هاتنی ئەو وادەیە دەرکەوت.

بەجۆرێك لە شارۆچکەی ڤیرکهۆیانکس کۆتایی ئەم هەفتەیە پلەی گەرما گەیشتە 38 پلەی سەدی، ئەمەش بەرزترین پلەیە تا ئێستا لە بازنەی پانی جەمسەری باکوور تۆمار کرابێت.لە کاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتێکی کەناڵی «CBS»ی ئەمریکی ئەو شارۆچکەیە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، یەکێك بووە لە ساردترین ناوچەکانی جیهان و پلەی گەرمای بۆ ٥١ پلەی ژێر سفر دابەزیوە.مانگە دەستکردەکان وێنەی ئەو ئاگرانەیان گرتووە کە لە ناوچەکانی نزیك شارۆچکەی ڤیرکهۆیانسك کەوتونەتەوە لە وێنەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی فراوان دوکەڵی ئاگرەکان ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکەیان داپۆشیوە. بەگوێرەی پلەکانی گەرما لەنێوان مانگەکانی کانوونی دووەم- مایسی ئەمساڵدا پلەکانی گەرما لە ڕووسیا بەجۆرێك بەرزبوونەتەوە کە مەترسی ئەوە هەیە ئەو ئاستەی پلەی گەرما کە چاوەڕوان دەکرا لە ساڵی 2100دا تۆمار بکرێت، 80 ساڵ پێش هاتنی ئەو وادەیە دەرکەوت.واش پێشبینی دەکرێت بەهۆی کارەساتە سروشتییەکان و پیسبوونی ژینگەوە پلەکانی گەرما بە بەرزی بمێننەوە و لە هەفتەی داهاتوشدا پلەکانی گەرما لە ڕۆژهەڵاتی سیبریا نزیکی 32 پلە بێت.

